# منم شاعیری ژنانی چاوەڕوان

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

***

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

# منم شاعیری ژنانی چاوەڕوان

یوونس ڕەزایی

ناوی کتێب: منم شاعیری ژنانی چاوەڕوان – شیعر
نووسینی: یوونس ڕەزایی
بڵاوکراوەی ئاراس – ژمارە: ٥٦٩
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە : ئاراس ئەکرەم
دەرهێنانی بەرگ: حەمید رەزا ئازموودە
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم، هەولێر – ٢٠٠٧
لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارە (٤٤٨)ی ساڵی ٢٠٠٧ی دراوەتێ

# سەردێڕی شێعرێكی خوێناوی بە پەیڤی دارەبەن

ئەگەر پێكەنین یانی ئەو شێعرە سڵاو بەتۆدا دەچێنێ
من شان بەشانی كازیوە ئاسۆم
پێ بەپێی میوە تا گەیشتن...
من پێ بەپێی میوە دارێكی ڕاوەستاو
كە دڵۆپێك عیشقی ئاورین و
قامووسێك پیت بەپیت
ماچێك نەبێ مەگەر
ئەگینا
ئەم هەموو ئاسۆیە كوا هێندی میوەیەك ڕوون
ئەم گشتە میوەیە كوا چەشنی درەختێكی كاڵ
ئەم تێكڕای مەمكانە و

كوا من
من **(كاڵترین ئاسۆی ماچێك دەچێژم)**
سڵاو... كە ئەوەی پێكەنینی ئاسۆیە
شان بەشانی میوە لە گەیشتنا... كاڵ
... كە ئەوەی ماچێكە بەپێی گریان
پێ بەپێی دار لە بەهارا گەیشتوو

میوەیەك ئاسۆی ماچی ئاورین و
تۆ گەیشتن دەپەیڤی
میوەیەك درەختی ڕوونی ئەگینا سبەینێ و
تۆ باخی کام ئاسۆ بەر دەگری لە گلێنەی سەوزدا **–شین–**
تۆ مۆسیقای کام با حینجە دەکەی
لە لەپی خوێناوی بەفردا **–گەرم–**

تۆ

کەی بەم وڵاتەدا کاڵ دەبێ
کە من درەخت
کە من پیرتر.
ئەگەر کازیوە عەشقی ئاسۆیەك لە چاوە کاڵەکانت ببارێ
کوا من تا سەروەری میوەیەك لە باڵاتا ماندووم
تا بارانێکی ماندوو بە وڵاتی سبەینێدا
شان بەشانم
ڕوون.
ئەگەر من لە تۆدا گریانی کازیوە
**(شەو دەبم)**
بێ ماچی ئەو شێعرەی دەمچێنێ
لە ئێستا و زەماندا
**(ڕۆژ دەبی)**
بەتێکڕای ئەوینی سبەینێی گەیشتن
لە دوێنێ و بۆ سۆدا.
تۆ میوەی درەختی قەراغی باران و شەو دەژی
بۆو کەسەی حەوت برای بەجامیلکە جامیلکەی ئاسۆوە
**(دارە بەن)**

بۆو عیشقەی حەوت کەڵـی بەگۆمیلکە... گۆمیلکەی شەوەوە
هەڵدێراوە
ئەو دەبم...
هەتاکوو سیپانـی ماندوویەك بێ قەرار
دەمکێڵێ بە تەنیا
تەنیایی حەوت کەسـی خوێناوی ئاسۆیەك
بەبێ ڕووناکایـی و
بەبێ ژن
لە من دا دەبارێ.

بمپەیڤن ژیانـی گۆمیلکە گۆمیلکەی چاوەڕوان
دەتانبەم هەتاکوو هەتاوێك ئاسۆ بم
لە کێلە سیپانـی دڵنیا لە مەرگ
هەتاکوو برینێك عاشق بم
بە رازی خوێناوی زەمەندی سیامەند

پێکەوە داستانـی ئاسۆین و بێ ئۆقرە
کە گوتیان:
دوو باوك کەروێشکەی کینە بوون لە عەشقا
دوو نەمام عاشق بوون بە بۆنـی خاك و خوا
دوو نیگا هیچ کامیان چاوەڕوان
دوو تاوان هیچ کامیان روون و کاڵ.
پێکەوە... **(بمبیسە):** ئەی کازیوەی عەشقـی ئاسۆیەك
لە چاوەکانتدا... من
ئەی سەروەری ماندوویـی کازیوەم
شەو بە

شەو.
هەتاکوو بەگەشی لە تۆدا دەرکەوم
ئەگینا... حەوت رۆژی ناعاشق دەتچێنن لە مەرگا
تا رووحی دارەبەن بریندار
ئەگینا... حەوت مانگی خوێناوی دەمبیستن
هەتاکوو گۆمیلکە گۆمیلکەی
تەنیایەك.

ئامۆزای شەو دەبم و موبتەلای ژنێکی میوەیی
چازانم بە ئاسۆی چاوەڕوان.

تەلاقی تاریکیم هەپروونە و
ئەگینا عەشیرەی داستانێك کازیوە
شان بەشان لەون بوون
پێ بەپێ لە کوێستان.

ئەگینا... کۆڕژنی ئەم شێعرەم سلاوە و
سمکۆڵی تەنیایی
ئەگینا... من بە باغەڵی شەوەوە هەڵواسراو
هەر بۆیە حەوت بەدفەڕی تاریك
تا چەند عەشیرەی بێ هەوار
قاقایان لە من دا
پاییزە و هەڵوەرین.

ناناڵێ گۆڕ غەریب... هەر ئەوە و ئامۆزای ڕۆژئاوا
هەتاکوو ڕۆژئاوای سلاوێك دادێت و

بێ ولآم ئاوایە.

دەچۆڕێ تەنیایی لە چڵی دارێك و
كۆڕژنی حەوت ئاسۆی لێڵ و ڕوون
قاقڕی... ئاسۆیە و
تەنیایی... تینوویەك
لە زەمان پەیڤینە...
ئەگینا كوا جامی بەفراوی سبەینێی شنەیەك
كە من شان بە شانی دارەبەن كارەسات دەبینم و
ڕێ بەڕێی شێعر
شاعیرانە
خوێناویم.
نیمانە بەرماڵێك بەتاڵی ڕابردوو
دەنا
كوا لە سەر رەوەزێك بەزەمانی تینووی ئاسۆ
هەتاوین
نیمانە كتێبێك نووسراوی ڕۆژئاوا
دەنا
كوا سەردیڕی حەوت جامی خوێناوی لەمڕۆدا و
شان بەشانی شێعر
لە كەلی وشەوە ئاوابوون.
**بە تەنیا؛**
ئەی عەشقت میوەیەك لە كازیوەدا كاڵ
**پێكەوە؛**
ئەی ماچت ئاسۆیەك سەر بەسەری ڕێگایە و

من ڕێبوار.
ئێستاکەش حەوت شەوە لە مندا دەترەکێ تاریکی و
حەوت شەوە لە مندا دەلووریێ چاوی تۆ و
حەوت شەوە لە مندا دەوەڕێ تەنیایی.

مەودامان خەنجەرێك دەیکێڵێ و عاشقیش
تەنیایی دەیچێنێ و شاعیریش
غەریبی بەشانی داماوی دارەبەندا دەتکێ و
واوەیلا
تا
لەیلا.
ئەگینا نە مەجنوونە شاعیر
نە ماندووە سبەی.
ئەگینا غەریبی شاعیریش خەنجەرە و
تەنیایی لە مندا چاوی تۆ دەترەکێ.
بەم وڵاتەدا هەتاوم
شان بەشانی ڕێ **(بێ ئەوەی تەواو بم)**
ئەگینا
حەوت شێعریش بمکێڵێ و
غەریبیش بە شانما خوێناوی
دەتبەم و دەتچێنم بە ناخی رووحمدا...
تادەبم بە دێڕی بێ مانای عەشیرەت

# دایکم لە گۆڕگدا شێعر دەنووسێ

چکوڵەتر لەوەم لوورەی گورك و حیلەی دارستان
نەمکەنە ئەسپ
ئاسمانیتر لەوەی هیچ ڕووداوێك لە دڵما
نەڕوێ.
باران؛ کە دەنووسێ دوێنێ
تا ئەلف وبێی ئاو
دەبارم.
ئەلف و بێی دارستانی ڕووداوێك لە بارانا تەڕم دەنووسێ و
دوێنێی لوورەی هیچ دڵێك
کە چکوڵەتر بێ لە تەڕایی ئەسپ و باڵندە نامژی.
گورگی باران
خوێندنەوەی شێعرەکانی وجوودی شاعیرێکە
کە دڵی من دەترپێنێ.

شاعیرێك بە ئەلف و بێی بارانەوە
لە شێعرێکدا لوورەی تەڕی ڕووداوەکان ون دەکا و
لەگەڵ حیلەی چکۆڵەترین پیت
ژیانی خۆی دارستانانە ئەلەرێتەوە...

هەر لێرەوە سەرەتای دال و مەولوولە نوێیەکانی هەوەسی شاعیرانەیە
پاساری مەست دەبێ
هەڵفڕێن مەست ئەبێ
ژن مەست ئەبێ
پێت و من و دەنگی فڕۆکەیەك کە سڵاوی تۆ و پاساری
**- هەڵفڕێنە ئەم شێعرە -**
لە خۆشەویستی جەنگەڵەوە تا گیاندار
تا مەستی جەنگەڵ بەئەوینی پیت و پاساری و سەرەتای ژنەوە
شێعرە.
سڵاو «**لامی**» هەموو ئەوینە ئاسمانییە بێ پیتەکانی پاساری
تا گورگ لەم شێعرەدا بلوورێنێ
هەڵفڕین و ئاسمانم کەی لەیەکدا گەرای حیلە
خۆم و خودا
کوا هەنگاوێك بێ یەك
کە عیرفان هەنگاوێك لەولای منەوە
قاقا...
بۆ دەروێشە جەنگەڵێیەکان دائەگیرسێنێ.

داگیرساوە گورگێك لە سەرەتای ئەو شێعرەدا
کە ئەوینی بە ئەلف و بێی دەروێشە بێ عیرفانەکانی ژن
کە خۆشەویستی بێ هەنگاوی گوڵ و هەڵفڕین
تا
ئێوارە...
نانوسمەوە هیچ «**ئێوارەی پەروانە**» یەك لە شێعرمدا
تا گوڵ بەعیرفانی ژنەوە داگیرسانی ئێوارەم و
مەستی لەرینەوە

تا لەدایك بوون و مردن.

وەبیرم دێ مەرگی داپیرەم
کە من هەژدە ساڵ دواتر
شاعیرانە لە زگی دایکما
سڵاوی **«لامی»** ژیانم
گورگانە حیلاند.
شاعیرێك بە ئەلف و بێی ترسێنەری سەربازەکانی باوك
- گۆش کراو -
تا کۆتر هەژدە ساڵ
هەڵفڕینی ئێواران بۆ من بژی.

**«لامی»** هەموو ئەوینە ئاسمانییەکانی بێ لوورە
نابێ ئەوەندە چکۆلە بی
لەم ڕۆژنامەکانا نەتوانن (- دێرێك پرسە -)
لە ڕادیۆکانا لانی کەم (**- شێعرێکت -**)

من ئەگەر بەئەلف و بێی ترسەوە لەو شێعرەدا بمرم
کێ دەزانێ سەربازەکانی چکۆلەتر بوون لە مامۆستای مەدرەسەکەم و
من ئادرەسی جگەرە فرۆشییەك
کاتژمێر (١٢) ون ژیاوم
کی دەزانێ هەژدە ساڵ دواتر
شاعیرێك مەستی «ئێوارەی پەروانە» و «لام»
عارفێك ژیانی خۆی وەك دارستان لەریوەتەوە
بێ ئەوەی گورگێك
بێ ئەوەی دوێنێ.

لە داپیرەمەوە رادەکەم
تا هەموو شتەکان بۆ ئەوینی پەنجەرە و دوێنیٚ
لەو دێڕەوە ڕادەکەم
ئەگەر پەنجەرە بەشی جگەرەیەکم سەوزایی و
کاتژمێر دوازدەم
سەرەتای ژن...

گەر وانەکەم
کوا بەشی ئەو هەموو شێعرە دەکەم
کە گورگەکان تێیانا لوورە دائەگیرسێنن.

مامۆستای مەدرەسەکەم کەی سەربازانە پەنجەرەی ون کرد
کەی هەژدە ساڵ ژنی بە ئەڵف و بێی ژیانەوە
ڕوودا
بیٚ ئەوەی دۆلارێکی لە جگەرە فرۆشی دوازدەدا
ون کردبیٚ.
کەی من دەتوانم شاعیرانە بگەڕێمەوە سەرەتای ژن

مامۆستای مەدرەسەکەم ئەگەر ئەسپ و دارستان
ئەگەر چکۆلەترین تەڕایی بژی
دەڵیٚ:
**«ماڵێك چەرخی دروومانی دایکیان**
**شین ترین باڵتۆ بۆ یەزدان**
**کوا بەشی لەرینەوەی ئەو هەموو عیرفانە**
**ئەو هەموو ـ لامە ـ».**
کە دەمرن نێرانی پەنجەرەنشین؛ مەست ـ

که ون دەبن لە عیرفاندا
من دەبێ بڕۆم باوکم لە قالییەکاندا بدۆزمەوە
ئەو کاتەی گورگ لە ترسی یەزدان:
**«ان انکر الاصوات لصوت الحمیر»**
ئەو وەختەی دایکم لە گورگدا شێعر دەنووسێ
چۆن عاشقانە ڕووداوەکان ناکوژم.
چکۆلەتر لەوە نیم لە پەنجەرە نەژیم
ئەو ئەوینە گەورەترە لەوەی کە
کلوو
کلوو
لە ڕۆژنامەکانا
نەبارێم
لەگەڵ حیلەی گورگ و
لوورەی ئەسپ و
«لامی» ژیان...
**«متی عاد کالعرجون القدیم».**

# وێرانی لە پرسیاری یەکەمدا

کەواتە پێکەنین یانـی ئەوەی من و ئـەو سبـەینێ ڕووبـار
سبـەینێـی ڕووبـاری گـەرمـەسێری ژن
دەڕژێم
دەڕژێ
دەڕژێین.

ڕژانـی ژنی سبـەینێ لەمندا درەختـە و
سڵاو لە مندا دووکەڵە و
کەڵەکە بوونـی هـەستـی
لە ترپەی دڵما.
درەختـی دووکەڵە ئەو هـەموو ترپـەیەو تـەنیـا...
ئـەگینـا پرسیـاری کـام ژن لـە مندا سەوزە؟
بـەیـانیت بـاش و
کوا ئـەو هـەموو درەختـە سڵاو بۆ شێعرێك ئـەوەرن؟
من لـە سـەر سێ ڕێیـانێك لـە کـازیوەوە دادەڕژێم:
ڕێـی یـەکەم: **«بەیانیت بـاش و مەمکی خودای مێیینەت**
**گەشترین وڵامـی ژیانە و**
**ڕوونترین پـەڕەسێلکەی وێرانـی»**

پرسیاری ئەلف لە ڕێی یەکەمدا:

**«وێرانی پەڕەسێلکەی گەش تا مێیینە**

**بەیانیت باش و مەمك وماچ**

**من شنەم و دەشنێمەوە»**

تاوانبارم؟!

ولامی ئەلف: «**تاوانی من شنەی بەردەوامی مێیینەیە**

**لە سەرەتای ڕێی یەکەم و بەیانیدا**

**بشنێوە ئەی وێرانی ژن**

**لە مندا**

**لە پرسیاری یەکەمدا**

**کە منم.»**

ڕێی دووهەم: «**بەیانیت باش وکافووری لەشت دەخۆمەوە بۆ**

**خەوێکی ئەبەدی**

**تۆ لە مندا تەواو دەبی**

**لە مندا باران دەبارێ**

**لە مندا**

**خەون دەبینی و**

**شەوخۆش!»**

پرسیاری ئەلف لە ڕێی دووهەمدا:

**«خەو لە مندا بە تۆوە ئەبەدی دەبێ...**

**خواردنەوەی تۆ کافوریترین لەززەتە**

**من تۆ لە خەودا**

**قاقا... بۆ ریشی نەفامی وشکە سۆفی دائەگیرسێنین -»**

- ئێمە چەندین؟

ولامـی ئەلف:«چەندەی **وشکە سۆفـی مەیلـی زینـای حەقیقەتـی بـاخە**
**ئێمە یەکیەتـی پیرۆزی خودایـی ترین ئەوین و**
**خەوی ئەبەدی تەنیـایین.**
**- دوو ڕووبـار هەر پرسیـارێکن**
**گەر ئاراستەی دەریـا کرێن -»**
(ئێمە یەکین)

ڕێـی سێهەم: **«بەیـانیت بـاش و قژت ڕەشترین بیرەوەری پەنجەمە**
**من ون دەبم لە سایەساری گەڵاتدا**
**لە تـاڤگەی ڕەشیتدا»**

- لە تۆ دا بێدار و پێکەنین نـاگونجێن -
پرسیـاری ئەلف لە ڕێـی سێهەمدا:
**«بێداری ئـەلف لەتۆدا ڕەشترین بیرەوەری گەڵایە**
**- دەوەرم -**
**من لە تۆدا تـاڤگەی ون بوون و**
**بیرەوەری سێبەری ڕاستـی...**
**- ون بوون دۆزینەوەی سەرەتـای حەقیقەتە -**
هـە... هـ... هـەهـ... هـە... هـا...
کەواتە پێکەنین یـانـی ئەوەی من و تۆ سبـەینـێ ڕووبـارانـە
بـخوشێین و
چیهـا درەخت گەڵا
گەڵا
لـە بـەستێنـی ئێمە دەڕوێن
کە من سەوز و ئەتۆ بـەهـار...
زستـانـی ٨٠ – ورمـێ

# قامەتی بێ زەمانی مانا

بەسەر چوو دەورانی دڵنیای بزەم... لەیلا
وەرە هەنگاوێ تا سەرەتای شێتی ڕێگا بین
وەرە بەرەو ئەلف و بێی دڵە کوتەکانی زوو ڕێبوارانە عاشق
زووتر لەوەی کە ئێستا کە من باڵندەم.

وەرە تا ئاژاوەی کۆچی دوایی هەور... هەنگاوێك بگرین
ئەو دەمانەی فاتیحایەك بۆ من
ڕێژنەیە
ئەو دەمانەی ئارامگایەك بۆ ڕابردووم
ئەو دەمانەی گۆرستانێك مانام کاتەوە
ئەگەر داهاتووم فڕین بێ.

بەسەر چوو دەورانی دڵنیایی فڕین لەیلا
دڵنیام... دەوری دڵنیایی...
فڕینی تا مەداری لەرزۆکی سیحر ولآمە و
ڕووحی منی بە نیسف وننەهاری برسێتی و
شێعری منی بە کاکەشانی ئەو پیتەی
بەتاڵ لە مانای شاراوە

ئەو وشەیەی
رزگارە لە دوای ئەو هەموو یەقینە.
یەقینم هەیە لەیلا... کە ئیتر
یەقینێك نییە ئەگەر تۆ سەفەرت بەرەو من
کۆچـی پەڕەسێلکەی بێ دایك
یەقینێك نییە مەگەر شێت
ئەگەر هەموو حەفتەیەکت لەسەرڕا من
ئەگەر هەموو ساتێکت بەردەوام...
دڵنیام تۆ دڵنیانـی لەوەی
**«ئەو سەفەرەم ئاخۆ باڵندەیەکە**
**ئەو شێعرەم ئاخۆ دڵنیایی وشەیەك**
**یا سەرەتایەك لە بێ مانایی**
**ئەوین»**
تاکەی بە کۆڵانانەوە شاعیرانەم
تاکەی بە شارانەوە غەریبانەم
تاکەی بە شێعرانەوە
پیت بەپیتی شەوێك ڕەش بنووسم
تاکەی سات بە ساتی پێنووسەکەم
هەر ئەو مانایە بێ
کە مەسەلەن من باڵندەم
کە مەسەلەن تۆ دوو بەش لە خەونی پەڕەسێلکەی
لە کۆچ دا...
لەیلا!!
کیشوەری دڵنیایی سنووری هەیە ئاخۆ
وڵاتی یەقین حاکمێك ئایا

هەرێمی دڵ ڕێبەرێك بڵێی
یەقینی کیشوەری دڵم - نەڕووخاو -
کەی ئەم سنووره شێتانه حاکم دەبێ و هەرەس
ئاخۆ دڵنیاییت ڕێبەرێك نییه بە کاتی ناوادەیی
ئاخۆ حکوومەتی پیریم لاوانه خەزەڵوەره و وەرزێکه

**کەسێهەم**

ئاخۆ تۆ بەسەرەتای شێتیمەوە ژێر دەفڕی
یا من بەتێکڕای تەنیاییتەوە
باڵندانەم...
منم
من
هەڵفڕیو یەقینی سێهەم
دڵنیا لە هەرەسی ناوادەی دڵنیایی
داڕووخاو
بە قامەتی بێ زەمانی مانادا
تا چرکەی شێعرینی داهاتووی خۆم
کە فڕینی ڕەشاییت بێ
(وە - ئیتر - منم
من
کۆچی ئەو پیتەی تۆ دەیخوێنیتەوە.
لەیلا!!
ئەو پیتەی ئەگەر چاوت نەبا بۆ هێندە شەو دەبوو
ئەو پیتەی کە وەك خوێندنەوەی کۆچ دەمبا
کەمن فڕینم لە چاوتا... ڕەها
لە چاوتا... ڕەش.

چاوت کە داهاتووی شێعری هەرەسە
کەی دڵنیایی دەخوێنێتەوە ڕەش
ڕەش
ڕەش
چاوت کەی چارەنووسم لە بێ دەرەتانترین زەماندا
چاوت کەی بەختم
چاوت... لەیلا... ڕەش... ڕەش... ڕەش
دڵنیام سەردەمی دڵنیایی باڵندەم مەگەر
ئەگینا هیچ پارکێ بێ من عاشقانە نییە و
هیچ کۆچێ بێ من سەرەتا

لەیلا وەرە مێژووم بە!!
ئەگەر من سەردەمانێك بم لە عەشق
مێژووم بە ئەگەر من دەورانی حکوومەتی ڕەشی پیتێك
لە چاوتدا ژیام
لەیلا مێژووی عاشقانەم باڵندەیەکە مەگەر؟!
دڵنیام
کە نەتنووسیوە سەرەتای هیچ هەرەسێ
کە نەتگوتووە
عەشق بە دەورانی ڕەشی
فڕین بەرەو چارەنووسی پیتێکە...
من دڵنیام لەیلا
مێژووی شەهید بوونی باڵندەیە ـ عاشق
دەنا کەی ئەوەندە عاشقانە غەریبم
کەی ئەوەندە غەریبانە ـ تەنیا

بەرماڵم بێ نوێژی لێ دەڕژێ و
فاتیحایەکم بۆ ڕووحانەتی ڕابردوو
ئەگەر بەزاراوەی ئەهریمەن
رَحِمِ اللّه لِمَن قَرأ الفاتِحة و:
«سوپاس بۆو خودایەی ڕۆژێك بەر لەوەی من ـ شەهیدانە
سوپاس بۆو خودایەی شەوێك دوای ئەوەی من
بەرماڵم پڕ لە هەڵفڕینی باڵندە
سوپاس بۆو خودایەی چاوە ڕەشەکانی لەیلای
بە زاراوەی ئەوین.
بۆ ئەو کەسەی هەمیشە سوپاسی دەکەم
سوپاس بۆ ئەوەی مردووە و
ئەگەر مردن دەلاقەیەك با... سەفەریم
سوپاس و دەیبەخشێ یەزدان
ئەو کەسەی بەسەر بەرماڵی تاوانا
باڵندانە کۆچی تەنیاییە
شاعیرانە پیتی بەدوور لە ئەهریمەن
دەبارێ و
نییەتم فاتیحایەك بۆ خۆم و ئەو شێعرە شێتە بوو...
ئەی خوێنەر!!
ئەی ئیمانت پڕ شەپۆلتر لە دڵنیایی و ماڵئاوا...
لەیلا!
مێژووی بەرماڵ دەگەڕێتەوە سەرەتای باڵندە و نەتنووسی
نەتنووسیوە پیتێك تەنانەت وەك من ئیماندار
نەتنووسیوە دەورانی دڵنیایی ڕەشترە... لە مێژوو...
نەتنووسیوە شەهیدێك چۆڕە چۆڕ بەکووچەی مێژوودا

خوێنە و

دەنگی هیچ شتێك نایەتە دەر لە لوولەی ئاسنینی دڵنیاییەوە

کە بۆ من گوڵ نییە و

گوڵ نابێ و

ڕەشترم.

وای لە زمانی ڕەمز و ڕاز لەیلا...

تۆ بێ ڕەمزی مانەوە هەڵفڕینی من دەچێنی و

من لە تۆدا شەپۆل دانەوەی دڵنیایی شەهیدێك

دەگریم

دەگرین

گریاین...

بەسەر چوو شێتی باڵندەی زووتر

کە ئارامگایەك بۆ دڵنیایی ڕازاوەتر

تا نیسف وننەهاری شێعرێکی بەسەر چوو

تا شەهیدێك بە شانی شێعرێکەوە چۆڕە چۆڕ

تەنیا...

ئەگەر داهاتوو کاکەشانی وشەی یەقینێك

باڵندە چۆن سەرەتایەك لە بێ مانایی

دەفڕێ؟

شاعیر چۆن بەشێعرەوە مەسەلەن خوێناوی

نا... ئەمجارە

بە ئادرەسی چاوە ڕەشەکانی لەیلا

فڕینم نامەیە...

«:بەناوی تۆوە شاعیری کاڵتر

بەناوی تۆوە بەدیهێنی دڵەکوتەی بەردەوام

لە دوایین نامەیدا بزانە فڕینم لە چاوتا ئازادە و
دڵنیام لەوەی کە دڵنیا نەماوە باڵندە
یەقینم ڕەشتر لە شێعر و
بەرماڵم بەرینە هەتاکوو رووحی ئاو
لێت دوورم و نوێژەکەم سەرەتا بۆ شێتی
تا ئەگەر تۆ نەبی
سوپاسێك بیّ بۆ تۆ و
یەقینم مردووە...
لەیلا گیان... نوێژ مەکە
دڵنیام دەورانی دڵنیایی وشە شەهیدە
دڵنیام شەهیدیش نوێژێکی فڕیوە و
دڵنیام من شەهید
من ئەتۆی تەنیاییم...

# بەگوتەی ئەم شێعرە: قاقابن

سەیرە... سەیر
لە تەعزییەی چرپایەك ڕا مرۆڤ بوون
تا
دڵدانەوەی کامپیوتێڕە عاشقەکان
تا
پەنچەرەیەك لە دونیاڕا دەرژێنەوە ناخم...
لە وڵاتی ناخمدا کە نامۆی پەنجەرەم
خەفەتی کامپیوتێڕەکانیش
بێ ژومارە
بێ سیفر
حەیرانی پاییزیین.
لەم سەرزەمینە بە قەولێك وێرانەدا
دەبەستم لێوەکانم
بە مەودای بەردەوامی پەیامە بازرگانییەکانەوە و
ئیتر هیچ...
ئیتر هیچ

تاعەشقی قاوەیی بازرگان
سەروەری ئەمڕۆ بێ و

تالۆتییەك

بێ ژمارە و

بێ پەیامی حەیرانێکیش تەنانەت

حیزتر...

لە زەمانی حیزی بێ ژومارە و

بە مەودای تەعزیەدا

بەهارانە چرپایەك چێ کردن

بە رۆخی حەرامی و هەوەسدا

تا بەستێنی هیچی و فەرامۆشی

تا نەگونجاو...

ناگونجێم بەتەنیا

لە حیزترین سەرزەمینی بێ ژومارە و

سیفردا...

لە شێعردا دەڕشێمەوە

کە هیچی چرپایەك وەستانە و

ژومارەی بازرگان، حەیرانی لۆتییەك

ئەوەندەی شەڕافەتی زەردی حاجییەك

ئەوەندەی دۆڕانی مانایەك

ئەگەر تەنانەت کەسێك

مەرگی هونەر بێ...

نەگونجام بەهاربم و

فەرمووی پاییزێك بەتەختی شەڕەفی وێرانەوە

مەشرووعە

بوەرن و

دەوەرن و

خەزانە...

دەڕشێمەوە بەناحەزترین وشەدا

کە ڕشانەوەیە

لە شێعری بە وتەی زانایان ـ **ناسکدا** ـ

با بمرێ ژومارەی حیزی خەم

کە زۆرە

تا

پاییز...

ڕادەکشێم شێعرێکی کە دوورە

لە شەڕافەتی قاوەیی پەیامی بازرگانی ڕا

مانادار...

دەپەیڤم شێعرێك و

دوو جاریش شاعیرم لێرەدا... بەم جۆرە:

**بسم الله الرحمن الرحيم**

* وە حاجی شەڕەفی پاییزە و بەهار بن
* وە دەڕشێنەوە زانایان بەقەڵافەتی کامپیوتێڕەکاندا
* وە بازرگان مەشڕووعییەتی هونەرە
* کەواتە بە گوتەی ئەم شێعرە... قاقابن

ئەو کاتەی مەرگ دێ و

کاناپەی خەمێکی دیکەتان سروودە...

* بەر دەنگانی خەزان دەشبیستن

نەگونجاو یۆنسێك لە دڵی شێعرێکدا و

یەکی تر لە قووڵی ماسی دا...

ئاوابوو بەسەرهات:

**بسم الله الرحمن الرحيم**

* ماسییەك خەفەتی زولاڵی پەنجەرەی لەدڵدا و

نوورێکی ئەبەدی ئەو دەژی...

بەردەوام دەریایەك ماندووە

* شێعرێکیش خەفەتی قەحبەیی گرتوویە و

ناگونجێ شاعیرێك لە دڵیا...

چەند سەیرە نامۆیی و

نەبوونی ژوومارە...

* وە جاخی ئێوە کوێر

کە پەیامی بازەرگانیتان پەنجەرەی عاشقی و

تەعزییەی مرۆڤێك

هیچ ترە

کە شێعرێك دوو جاری تریش گەر بگوترێ بۆ ئێوە

شەڕەفتان

پاییزە.

# بارانییەکانی هەڵفڕین

هەر کەس پێی خۆشە سروودی وێڵی کوندە کوێر
سێ جار سڵاو
ببوورن نووسەرانی بەردەنووسەکانی درۆیینی ئەوین
ببوورن وەك هەمیشەکانی چاڵاو - **تاریك**
لە درۆ ئەویندارەکانی دراماتیکەوە
هەڵفڕیو...

قەسەم بەباڵ... **مەودایەك لەو بەری کوێرایییەوە**
سوێند بە نووسەر... **درۆیەکی دراماتیکی ئەویندار**
هەر کەس پێی خۆشە ئەو شێعرەی من لەبەر کا
هە... هـ... هەهـ... هە... ها
سێ‌وسێ جار سڵاو لە عەقڵی...
ببوورن شێتە تاڵە بێ باڵەکانی بەڵاڵووك
کوێرە بێ کارەکانی کەنەفتی
هەر کەس پێی خۆشە هەڵفڕین
فڕەی کوندی کوێر ببیستێ.

سێ جار سڵاو کوێرایی کوندی ئەویندار
ئەوین درۆی بەردە نووسەکانی نووسەر

دەنەخشێنیٚ
لە زەمانی تەنیاییدا.
کوێرایی لەوبەری مەودایەکەوە... فڕ فڕ فڕ...
**(مەسەلەن: باڵندە ڕەهاترین شێعرە**
خۆشەویستی بەردەنووسی درۆیەکی لەمندا سوور
وە تۆ ئەی شاعیری برسی ها... ها... ها... ها...
هەر کەس ئەو شێعرەت لەبەر کا
سیوسیٚ جار سلاو لە عەقڵی...
سلاو لە شێعری رەهاتر
کە سەرەتای زاوزێی بۆمبە خووشەییەکان
خۆشی
خوشی
کە خوشانی ئەهریمەن و
دەستێکی تەڕ لە باراندا
بارانی ئەهریمەنی ڕەهاتر
دەستێکی تەڕی شێعراوی دەنەخشێنیٚ و
ئای لە بەسەرهاتی شاعیرێکی وەك من
کە لەو پەڕی خەفەتەوە
چاوم چۆڕاوگەی خوداوەند
کە من یەزدان
لە بێکارەترین زەماندا خالق
تا شێعری تەڕی کوندی کوێر
سادقانەترین قا... قا...
دەخولقێنم...

لەگەڵ خۆمە...
وشیاربە ئەی شاعیری شێت، کە وشەکان
بە بەرامەی سوورترین سێوی حەوادا هۆنرانەوە
چاو هەڵێنە!
ڕەسووڵی سێوی سووری بەرامە
کوندی کوێر سەرەتای کتێبی پیرۆزی هەڵفڕێن و
اِن الشاعر لَفی خسر
لەو رستە بێ مانایەدا
اِن الشاعِرَ: ڕەسووڵی بارانی ئەوپەڕی بەردەنووس.
بێ مانایە هەڵفڕینی پیرۆزی وشەی وشیاری
لە ڕەسووڵی تاڵی زمانەوە
تا من
لەگەڵ تۆمە... نووسەری شینترین بەتاڵایی شێعر
بێ مانایە بارانی یەزدانی رەها
کە ئەهریمەن
سادقانەترین ڕەساڵەتی زەمان

قاقا... قا... قا... لەو شێعرەی کە
سەرەتای ڕەهایی باران
کۆتایی باڵی کوندە کوێر...

هەر کەس پێی خۆشە ڕەهایی ئیمان بێنێ
کە ڕیسالەتی ڕەسووڵی سێوی سووری بەرامە
تەڕ دەبارێ
لە بەردەنووسی زەماندا
ڕۆژەڕەشە بە حوکمی من

بێ باڵترین ڕوانینی ئاو...
لەگەڵ ئێوەمە وشەکانی پیرۆزی
ئێمە شێعرمان بنیات نا کە سەرەتایەك لە شێتی
هەر کەس هزر تەڕی دەکا
هە... هە... هە... ها...
سیوسێ جار سڵاو لە عەقڵی
کە شێتی رەهاترین باڵندە
بترسن لە قینی هەرەس
بترسن لە باڵی تاریك
کە فڕین لێڵ و
لێڵ و
لێڵ
ئێمە شێتیمان بنیات نا... و
ئێوە هزر
هە... هە... هە... ها
درێژەی هەیە ئەو شێعرە و
بارانێکی شین دەبارێ.

باڵی هەرەسی کام قینە لە ڕەهاییدا کراوە
شێعری درێژی کام هزرە لە هەڵفڕیندا نووسراوە
شین دەبارێ ڕوانینی ئاو
کە شینی
کۆتایی ئیمانی ئەهریمەن...

وای لەو شێعرەی شەوی بەسەر دادێ و
کوندیش

وای لەو کەسەی  هەڵفڕینی لێڵی ڕەها و
پیرۆزترین کتێبی ئەهریمەنی
شەو...
هە... هە... هە... ها

بمرن شاعیرانی عاقڵی ئیماندار و دەشمرن
دەستیان بە بڕین چێ نووسەرانی تاریکی و بە بڕین چوو
دەژیم و
دەژین و
ژیاین
بارانییەکانی هەڵفڕین...

# هەر ئەسپ و مانیتۆڕ غار ئەدەین

لە مانیتۆڕی سبەیدا ڕەشترین هێڵ
بە تونێلی کۆڵاندا سوورترین من
تا تیربارێك لە خەونی هەڵفڕیندا شەڵاڵ
تا...
ئەریٚ کیٚ دەڵیٚ شەهیدێك لە سووڕەتی ئەسرادا
سەرکەوتن نازانیٚ؟
کیٚ دەڵیٚ گلاوە و سوورترین تەنیایە؟

لە بیرەوەرییەکانی ئەسپێکدا
پلیکان دەباریٚ
ئەگەر...
هەر خرمەی تێپەڕینە مەوداکان تا شەڕ غار ئەدا
شەو
کە بە چەپۆکانەوە لە گوڵدا
زەمان
سەرەتای شێعرێك لە مانیتۆڕی بێهۆشیدا نەبیٚ
مەگەر...

لە بیرەوەرییەكانی ئەسپێكدا ژیام ئەگەر
هەر غار ئەدا بەمندا مەوداكان
تا پلیكانێكم ڕاكردبێ و
لە مانیتۆڕی سبەیدا ڕەشترین هێڵ
لە مانیتۆڕی سبەیدا
درێژترین گەڵاڵە دەبێ ـ بایەك
– كە بە دەشتی هیچیدا دەجووڵێ
– كە بە دەماری كاتەكاندا سەهۆڵە
– كە لە مندا گردە لوول قامەتی هەر بەرزە
– كە قەتارێك بە خەونیloorەدا سەفەری دەبێت
و ئیتریش حیلەیەك...
بایەك بە پلیكانەكاندا ڕەسووڵی سەركەوتن
بایەك **[تیرباری B.K.C ئەگەر دەقاسپێنێ**
**سرنج بدەن**
**ئێرەیە شەلاڵی كارەساتی ماندوویی ئەسپ**
**ئێرەیە ـ من ـ]**
لە بیرەوەرییەكانی ئەسپێكدا... پیاوێك دڵۆپ دڵۆپ ئەگەر خوێن بێ
تەنیایی لێواو لێوە لە مانیتۆڕی هیچی
تەنیایی تاسەی سەركەوتن ڕادەكا
تا
عاشق...

ژنێكی جوان بەرینی دەستەكانی سوورترە
ژنێكی جوان دەرگای هیچ ئەگەر نەكاتەوە
دادەڕژێ...

سووری ژنێك كە تاریكتر
غار ئەدا لە بیرەوەرییەكانی منێكدا و
منم من
هەر بەرزترە حیلەم
گەرمترە سمكۆڵانم
لە بیرەوەرییەكانی ئەسپێكدا
كە دۆش داماوە تا پلیكان ڕابكا و
هەتا كۆڕپە بێ و بەرزتر بشنێتەوە...
تاكوو وشەش كارەساتێكی ماندووتر...

**[تیریاری B.K.C گەر سوورە حیلەی**
**سەرنج بدەن**
**چ هەواڵێك بەگوڵی زەردەوە تا گیل گەمیش**
**كامە پەیام بە جەرگەی شەڕەوە**
**تا... نا... نا...**
**چ منێك**
**تا ئینانا...]**
گیل گەمیش بە ئەسپێكی زەردەوە خەونە و
بە مانیتۆری هیچەوە
ئەسپێك لە بیرەوەرییەكانیدا
گوڵی زەرد غار ئەدا...

ژنێكی جوان بە كەشەفێك ژاڵەوە: **[ببوورن لە بیرەوەرییەكانی**

**مێوینەیەك دام ـ ئەگەر ـ]**
شەڕابی سەرسوڕمان

دڵۆپ
دڵۆپ
مەست ئەکا و **[بەدەم یاوی کام ئەسپەوە سەوز ئەبێ ژن**
**کە من غار ئەدەم بیرەوەرییەکانی بەردێك**
**لە بزەی تاریکی گوڵێکی زەردا**
**کە مارێك بە تەوێڵییەوە چوار ناڵە...]**

بەدەم بنێشت جاوی نەوە دونیا لە تۆقلەیەکدا کورت دەکاتەوە
ژنێك وێڕای مەستی گوڵێك زەرد
ماینێکی کەحلان بە خەفەتی ئیناناوە
دەگری.
بە خەفەتی ئیناناوە
تاڵە ئەو ژنەی کە تەمێك وەسەر ناوی کشاوە
تا:
**[ئەگەر ماندوویە ئەسپی گیل گەمیش**
**غار دەدەین بیرەوەری بەردێك**
**ئەگەر بنێشت سەرەتای جیهان بێ**
**چ تیربارێکی B.K.C**
**لە خەفەتی مندا سوور دەبێ]**
سبەینێ.
لە بیرەوەرییەکانی پلیکانێکدا سەرکەوتن بە مانیتۆڕی هیچیدا ڕادەکا
هەروەها
ڕەنگە بێتە خوارێ
ئەرێ
من

لەو دەلاقەیەوە کە ئەسپێك حیلەی
هێشوو
هێشوو
بەرەزەکانەوە دەگا...
بایەکیش چەپۆکانێتی لە جەرگەی شەڕێکی زەرددا
کە هەموو بەرینایی کۆتری سوورترە...
لە جەرگەی شەڕێکدا
کە شەلاڵی سەرکەوتنی من نەبوو.
ژنراڵێك دەوەرێ
ژنراڵێك لە بەردەم سەربازانی زەرددا
پاڵ دەدا بە چرپای حیلەوە و دەبارێ
**[یەك... یەك... یەك...**
**برووسکە و... گەلاڵەیەك لە سبەیدا دووکەڵە**
**برووسکە و... بیستن هەواڵی رزگاری - ئەگەر**
**سەرکەوتووانە دەبن**
**سەربازانی ئێمە...]**

ئەسپێك ئەگەر تەنیایی سووری سوارەکەی غار بدا
تیربارێك شەلاڵی کارەسات دەبێ و من
ژێ سێیەك لە خەوی زستانەی رابووە و
باوێشکی درێژە...
**[یەك... یەك... یەك...**
**لە بیرەوەرییەکانی ژێ سێیەکدا شەڕ دەکەم]**

شەلاڵی من دەبێ ئەو ژنەی بەرەشترین هێڵدا ماندووە و
نابیستێ سروودی سووری خوێن

ئـاوێنـەی خـەفـەت و من دەبـێ و

حیلـەیەك ڕێژنـەیە؛

... كە منم لـە بیركراو لـە جوانـی ژنێكدا

كە منم پێشێلـی تـەنیـایـی بـەرینـی سوورێكـی خـەفـەتبـار...!

تیربـارێك تـا شـەڕ بـێ زیندووە و

منیشم

گەر ژنێك خـەفـەتـی بنێشتـی  جیهانی جاوی بـێ ـ عـاشقیم

گەر مێژوو ـ ئـاخـۆ ـ پیرترە

گیل گەمیش خـەونێكە لـە كۆڵانـی ئێمـە

ئینـانـاش لـە مندا هـەر خوێنە و

مـانیتۆڕ...

ئێستـاكەش خوێنـەری بـەڕێزی ئـەم شێعرە

بـەتێكڕا غـار ئـەدەین

لـە بیرەوەرییـەكانـی ئـەسپێكدا

كە **منم...**

# بارانێك له داس ـ دا

به به‌فر سوێند
که سپیایی داوه‌ریوه له خه‌ونی ئه‌م حه‌شیمه‌ته
که ـ سه‌رمایه‌ك سه‌ربه‌ندی ئه‌م شێعرانه‌یه و
که‌سیره‌تر
شاعیرێکی وه‌ریو له خه‌ونی سپیایی

به به‌فر سوێند
که ئێستا زستان ته‌عارِوفم ده‌کا
تا ده‌ربیجه‌یه‌ك نازڵ که‌م
له خه‌ونی که‌سیره‌ی شێعرا
تا شاعیر بم
به ته‌عارِوفی هه‌زاران وشه‌ی باریوو
سوێند به که‌روێشکه‌ی ته‌نیایی
جه‌نگه‌ڵێك باڵنده له خه‌ونی سپیدا
ئاخۆ وه‌بیر دێننه‌وه
باڵ
که: کێ ده‌ڵێ ڕاوچی باریوه
له ده‌شتی کاکی به‌کاکی ڕه‌شاییدا...
که: ڕاوچیان که‌روێشکه‌ی هه‌میشه‌ی هیچایی
له داسدا

ئەوەرن...

سوێند بە دوو بەتڵی شەو
من باریم لە کەروێشکەی سپی ژیاندا و
دەربیجەیەك
کە کێ دەڵێ هەر هەرەسی ڕەشاییە
کە کوا جەنگەڵێك تاریك سەوز بوو.

دەربیجەیەك
خۆی پێ تەعارۆف دەکردم
بەرەو هەتاو
بە بەفر سوێند
دوو بەتڵی شەو ڕاشکاوە و
من لە جەغزی ئەم هاوینە سەرەڕۆیەدا
باریوم
تا
کێ بەڵێنی دا لە سپیایی نەبارێ؟

سوێند بە خەفەت
نەباریوە سپیایی لە دڵی ئەم حەشیمەتە و
باریوم من
لە ژیاندا و سپیترم
باریوم و
بەردەوام کەروێشکە دەکەم
لە سەوزایی ڕەشترین ساتی شێعردا

سوێند بە پێنووس و
ئەوەی دێتە نڤیسین.

# دوو جەغزی ـ بێ دەرفەت

لێڵم کە ئەی لە داری سێو بە تەمای موعجیزەیەك گوڵ دەگرم
لە ئەوین بە نیازی دوو جەغزی قاوەیی
بوولەرزەم لە رووحدا
تا دەمم بۆنی ڕووبارێکی سپی لە تۆ
دەستم ڕەنگی نەرمترین تام
و چەند نوختە...
و بارانێك بە پانەوە باران
بارانێك بێ ئەملاو ئەولا...
لێڵم... ئەی لە خۆت بەئاواتی تەمەنێك کارەسات
ئەویندار...
تامی موعجیزەی سپی چۆڕانەوەی سێوی سوور
بە کارەساتی تەمەنێکم
کۆرپە...
کە دەرفەتی دووبارەم لە جەغزێکدایە
نەرمتر
لە هەینی.

بمبیسە... ئەی ساڵ...

لە هەینی جەغزێکا
کە تەمەن بە تەمای تامێکت ئاڵۆزە و
من دەمم بۆنی چەند کارەسات
دەستیشم
سپیایی چەند دەرفەت.

دەدرەوشێم ئەی تەڕایی برین
لە هەینی
کە ون بوون لە ڕەنگی چاوتدا و
ئاڵۆزە تەفسیری خولیای سێو
بەزاراوەی دەرفەت

ئاڵۆزە دەرفەتی چاوی من
بێ ئەوەی ڕەنگی کەس
شێعر بێ
بێ ئەوەی دوو جەغزی قاوەیی
خول بخۆم...
دەتمژم موعجیزەی تەمەنێك تەنیایی شکۆفە
لە عەشقی جەغزێکدا
کە تەنیا کۆمەڵێك ڕەهایی و
ژیانەوە.

ژیانەوەی پڕ ڕەهای شکۆفەم
تەنیایی ڕەنگێکە نایزانم
کۆمەڵی بۆنێکە نامرژێ...

ژیانەوەم
دوو جەغزی قاوەیی
هەمیشە بە تەنیا و کۆمەڵێك هەینی و تۆ
هەمیشە غەریب و
بەرەڵلا لە ئاڵۆزترین نیگاتا...
بەرەڵلا لە هەینی و
یەکەمین ئەستونم خەفەتی باڵندە
بمدوێنە ساڵێك لەگەڵ تۆ
بێ ماناترین سات
لە مندا و ئایندە

# شیعرێك به پەراوێزی مێژووەوە

دێمە خوار
شەدار
بەو پلیکانانەدا
تا ئازارە باریکەی کات
تا ئیتر نەماوە نەفەسێك بۆ عاشق بوون

تاریك
دادەڕژێم
بەو ڕستەیەدا
تا ئالزایمێری وشەیەك
تا ئیدی نەماوە دەفەرتێك بۆ شاعیری
بەو زەمانەدا
هەوری
شاعیرم
تا وشکە ساڵی هەمیشە
تاکوو دڵۆپەی تینوێتی بۆ کەربەلا.

سێ جار

دابەزیمە ئالزایمێری وشکە ساڵی ئازار و وەنەوشەییم
کە من بم ـ مەسیحێك عاشقی هەمیشەی خاچی سوور
کە من بم مێژوویەك بۆ دڕك و تەنیایی
کە من بم بێ ئەوەی شەهید و
بێ ئەوەی
بریندار

یەزدانی ڕەشایی سروودێك...
تا
سەرەتا وشەی دەبێ و
وشە بەسەرهاتی ئەو دەبێ و
تا
من سەراپا وشەم و...
بمخوێنێتەوە تینوێنی ئەگەر...

شاعیرێك تینوویە و سوور ئەڕمێ
زەمانی شەداری وشەیەك تاریکە و
دەبارێ...
دێمە خوار
کە تینوو تەمەننای تەنانەت دڵۆپێك
دەوەرێ.
کە تینوو حوسێنە و
مەسیحێك پاڵی داوە بەختی وشەوە...
ڕەنگاوڕەنگ.
دێمە خوار
تا دەشتی دەرفەتێك تەنیایی

پڕ لە هەنگاوم بێ
و
بڕوانم

مەوعیزەی کابرایەك پەڵەی دا و
وشکە ساڵ باوێشکی درێژە: **[کە یۆسف درەوشانەوەی یازدە**
**ئەستێرە نەبوو**
**کە یۆسف تەنیایی ئەستێرەی میرات بوو**
**وەك ئێمە**
**جا ئینجا**
**ئەستێرەی تەنیایی یۆسفیش ئاوا بوو**
**لە قووڵی چاڵێکدا**
**کە یۆسف گورگ بوو**
**ئەو کاتەی زوڵەیخای ڕستەیەك**
**وەك شێعر نووسراوەو بەنازە...**
**کە یۆسف گورگ ژیا... تا تاریك**
**کە یۆسف عەزیزی میسر بوو**
**تا**
**٧ ساڵ**
**ئەستێرەی هەڵدەهات لە کەلی چاڵەوە.]**

تا خەونێك: یا خەونێك: – «مامۆستا دەزانێ:
**ئەی موسوڵمانانی ئیمان پاك، من فەرمووم، چاوەڕوانیتان دەکاتە خەڵووز**
**ئاورێك کە لە دەمارتانا دەپشکوێ من فەرمووم یۆسفیش گورگ بوو**
**ئەگینا کوا یەعقووب ئەوەندەی خوێندووە خوێنی سوور:**

ڕەوایەت کراوە:
حەوت گای لەڕ لە میسر
بەربەیانی ڕۆژێکی بەردین
حەوت گای پڕ لە بەزیان هەڵلووشی و...
(ماشەڵڵا و
تا یۆسف دەریایەك تەئویلم...)
وشکە ساڵ شەدارە و ئازارە باریکەی تینوێتی
وشکەساڵ تاریکە و شەهیدین
حەوت گای لەڕ... تا حەوت گای قاوەیی و
کابرایەك گورگێك بێ بە لەڕی
خۆی رەوایەت بکا:

**[کێ دەڵێ من گا نیم... ئەگەر گوڵ نەپشکووم**
**گورگیش گەر من نەبێ**
**کوا دەتوانی خوێنی ئینسانێك**
**(دەریایە یا ڕووبار)**
**کوا دەتوانێ منی بوولەرزە و**
**وەسسەلام]**

**(ڕاکشا لە ناخی ئەم شێعرە پیرەدا مامۆستا و لەو دێرە ڕژدەدا ـ ماڵئاوا)**

پاڵ بە پاڵی ئەمڕۆوە تەعبیری ژیانم... شان بە شانی سبەینێ
پاڵ بە پاڵی شێعرەوە ئاسۆی مانانیم... شان بە شانی ڕێ
پاڵ بە پاڵی ژنەوە سەرچاوەی وشەم... شان بە شانی تۆ

من یۆسف دەپەیڤم کەچی ئەو هەر... گورگە
من مەسیح دەچێژم بەڵام هەر خاچ دەژی
حوسێنیش وشکەساڵ

که تەنیا ببارێ.
کێ عاشقتر لە من یۆسفە و ئەستێرەی ئاوایە
که چەشنی هەمیشە بەسەرهاتی خاچم
لە دڵدا و
تەنیاتر دڵۆپەم لە حوسێن
تەنیاتر
تا دەڵێم «عاشقێك لە لووتکە
هەتاوە...
دێمەوە خوار بەپەیژەی نیچەدا... بووڵێڵ
که کەڵە پیاوێك بێ لە مندا؛ وشە
که تاریك داگەڕێ ژیان
ئەوەندەی هیچی و
من
ئەوەندەی قەداسەتی ئەمڕۆکە...

ئەمڕۆکە و کێ دەژی بیرەوەرییەکانی گەڵایەك:
هەر دوێنێ زوڵەیخا عاشقانە هات و
چ تورت بوو هەمیشەی عاشقی
تا تاریك
هەر دوێنێ زوڵەیخا و سڵاوی لە دارێك که رووتتر لە منە و
**– دار گەڵای دەردەکرد**
**لە سەدەی تازەدا و**
**زوڵەیخا لە مەرگا ئەپشکووت...**
هەر منم یۆسفی ئەو گورگەی دوێنێکە و بمبوورن.
ئەمڕۆکە ڕۆژنامە نووسیویە:

– پەپوولە ناباریّ لە زاتی ڕستەدا
ئەگینا هەڵفڕین
کوا هێندە قاوەیی و قاچاغە...
ڕۆژنامەنووسێکیش بە گوتەی سەرچاوەی دڵی خۆی
ڕایگەیاند: مەوعیزەی کابرایەك باریوە و:
**"حەوت گورگ یۆسفیان کەوڵ کرد**
**بەشارێك خاچێکیان هەڵواسی**
**بە حەفتاودوو نەفەر تینوێتی تێك شکا"**
کوا ئەوەی یاریدەی تاریکی دەخوازیّ و
شەو بەلەز دێتە خوار
هەتاکوو سەرەتای رستەیەك دەنووسریّ و
هەڵفڕین
دێمە خوار بەرێگای هیچیدا و
تەنیایی لە هەموو لاوە با ببینم
پەپوولە کە باڵی رزگاری وەك خەونە و بە تەنیا – وشەیەك تاریکە تا ئەبەد
ژن کوانیّ هەڵفڕین نازانیّ تا ئەبەد، بەتەنیا– کە من بم هەمیشەی دڵتەنگی
شەقامیش رزگارە لە خەونی ڕووناکی، بەتەنیا – تا نەبیّ ئەم شارە پڕ لە شۆڕ

ناتوانم
بخەوم
لەو شێعرە
نەرمەدا
کە تۆ بی و

مەسیحیش گەر تەنیا ـ ئەگینا تاکوو خاچ...
حوسێنیش بە وادی تینوودا فڕیوە و
یۆسفیش تەنانەت بێ گورگێك...

بمبوورن و هەر ئێستا هەواڵی ئەم شێعرە لە زمان منەوە ببیستن:
هەوای ئەو ڕستەیە هەورییە
وەرنە ژێر چەتری ئەم شێعرەوە
لە دێڕی دواییندا...نمە نم بارانێك دادەکا
لە دێڕی دواتر دا... من و تۆ پێکەوە دەخەوین
بێ تەنیا
کۆتایی ئەم شێعرە گەر ئێمەین
با زینا بکەن و فاڵگیری
دوژمنانی ئێمە
لە پەراوێزی ئەم شێعرە
بێ چەترەدا...

# ون بوون لە تۆڕکدا

ناسپاسانە ڕادەبرن پیاوانی عاشقی دوێنێ و
ڕابردوویەك لە زەماندا
ناڕوێنەوە... عاشق.

چ بێ شەقام دەژین... مردوو
ئەوانەی ڕابردوویەك لە مندا ژیان...
دۆینێی پیاوانی ڕابردوو
عاشقانە شەقامێکە ڕاکشاوە لە مەرگدا و
ڕوانەوەی شەقامی دوێنێ
کە سێ ساڵ ڕابرد لە مندا
تا دایکی عاشقترین پاساریم

وای لەو تەورێزە ڕابردووەی کە منی ئێستاش خیابانم
وای لەو «ئابڕەسانە» پیرەی؛
کە تەنیاییم بەسەر ڕانییەوە
خوێندەوار...

**(بەسەر ڕانی تەنیاییەوە پیریم خیابانێکە سپی...**
**بەسەر سپیایی پیریدا**

**پاسارییەك ئەگەر ڕابرد**
**هەر بەرینترە باڵی من**
**تا هەڵفڕینێك لە تۆدا...)**

بە بەرۆکی شارەوە عاشقترین کووچەم و
تەنیاتر کورد

بە هەناوی شەوەوە بەرینم...؛ کە بزەم ڕوونترە
**(چوار ساڵم لە خۆت دا ئەگەر غەریبی**
**چوار ساڵم لە تۆدا**
**هەتا تەنیاییم)**

- تەورێز!
ئەی ڕاەئاهەنی دووریت دەپێوم.
دەپێوم غەریبی گورگێك و ناسپاستر شاعیر
ڕادەبرم ڕاەئاهەنی عاشقێك
گەر سەفەر چوار ساڵم بەرین کا...

شێتترم دەنووسێ و عاشقتر
تەورێزی ئێستاکەی - ڕابردوو...
ڕابردووی عاشقیش شێتانە بەرینە و
- پێواومە هەناوی ئێستاکە و هەمیشەی هەڵفڕین -

هەر دوێنێ عاشقێك دەژین ئەم شەقامانە و
لە مندا ڕابردوویەك دوور... هەتاوە
تا بەرەو پاساری عەشقی ئەو دایکە
کە تورکە و... عاشقم...

تەورێزی کووچەکانی تەنیایی کوردێك
تەنیا من
هەتا راهـ ئاهەنی ژیانێك لە تۆدا.
غەریبی لە تۆدا ئایا دژوارتر شەقامێك نییە؟
غەریبی لە تۆدا
ئەی کۆڵانێکت سەوز و
زەمانێکت تێپەڕیو...
**(تێپەڕی کۆڵانی ژیانێك باڵندە)**
شەقامێك دژوارتر لە کوردی غەریبە!
کە عاشق رابرێ و تێپەڕیو...
کەچی من
٢٤ دەبمەوە لە تۆدا و
بۆ خۆشم کووچەیەك ٢٤ی سەربەخۆییم و
کۆماری بارانە...

چ ناسپاسن عاشقانی - ئەگەر ڕۆژێك باران و -
ون بوون لە تاریکدا
ون بوون لە تورکدا
ون بوون لە ٢٤ ساڵەیی کوردێکدا
کە خوێنی تەماوی و
سەرەتای چڕژانی هەڵفڕین ئاڵۆزە...
دارەکان گەر خەویان ئاڵۆزاو منیان چاند
من غەریبی - لەیلام - دەگریام
من دەڕوام
لە ڕۆچنەی شەوەوە؛ تا گەڵام ڕەشتریش
تا ڕیشەم شەوانە و سەفەری...

ـ كووچە نیم من ئیتر...
کە شەیدایانە هەر بون بەست بم
گەر ئەوین بەغورەم پەڵەی دا و
سڵاو بۆ تەوریزی ئێستاکە و سەفەریم...
هەتاکوو "ڕاهـ ئاهەنی" داهاتووم چی دەبێ:
**"واگونی یەکەم"**
کۆمارێك
کچێنی پیتێکی ناعاشق دەگریا
و
من لە ساڵ دەچووم کە پیر
کە ڕابردووتر
لە هەمیشە بێ
**"واگۆنی دووهەم"**
دڵنیایی گوڵ دەگرێ
دڵنیا... گوڵ دەگرێ و یازدە مانگ بەرینە
تا ئیتر سەفەرم تورکانە کۆتابێ و عاشقیش
**"واگۆنی سێهەم"**
لەیلایەك
کوردانە تەورێزم پڕ دەکا
لە دروشمی سەوزی؛ هەر ئێمەین
سەرەتای وەرزەکان دەبارین
**"واگونی چوارەم"**
زاڵەی یەقینم
هەتاوی زەردایی دەنێژێ و
پێنووسم ئاوسی یەزدانێك یەقینە و
خۆڕاگر

تەنیایی پەڵەی دا
لە هەموو دێڕی ئەم ساتەدا
کە دەژیم
**"دوا واگۆن"**
غەریبیم
دیسانیش دەبارێ و من دەڕوێم بێ عەشق
ئێستاکەش
دەڕۆمە دەرەوەی واگۆنی بەر چاوت و
درێژەی ئەم شێعرە
هەڵدەفڕم
هەڵدە
فڕ
م
.

...
سەوزە
هەر
ئاڵاکەی
**١١** مانگ
لە تەورێز
کۆمارم
ماڵئاوا
ماڵئاوا
شۆڕشم
بەپەنجەی
دەبەخشێ

یەقینی
مەمکی
کە
تورکێکم
ماڵئاوا... ماڵئاوا... ماڵئاوا... هەمیشە عاشقی
۸۰/۷/۲۰ – تەورێز

# له ویران
# که ویران
# تا ویران

دۆڕام...
که عەشقی تۆ نە لە ئەفسانەوە بێ ماناترە نە لە ڕاستییەوە
دۆڕای...
کە ئەوینی من نە لە باخەوە شکۆفەی سەردەمە نە لە پاکی شەوە وە
دۆڕاین...
کە بێ مانا تریفەکان
بێ مانا مان.

بێزار لە سەردەمی ماچی قاچاغ و زەمانی دۆڕاوی بلووغ
هەتا ناو دڵی کارەسات
دەڕژێمەوە سەر لەپی درۆیینی سەدەی بیست و یەکەم و
بێزار لە ماچ؛ کە وێرانی
لەم بلووغە دۆڕاوەڕا
قاچاغ
قاچاغ

بێزار لە وێرانی بلووغ، کە سەرەتای ئاوەدانم
بێزار لە دووی ڕێبەندان و
یازدەی سێپتامبر
کە ناتەواوترین ڕژانی بلووغ و
گەشکەی هەرەس
بە بەر چاومەوە دەبارن...

هەرەس دێنێ ناتەواوترین ڕێبەندان
گەر گەلاوێژی ماچەکانی هەمیشە لە بیست و پێنج ساڵەییدا بوەرێ
**- تکایە شاخ!**
تا دڵی قیرتاو و وێستگەکانی هیچی
تا ناخی گاراجە غەریبەکان
تا ئەوپەڕی تەنیایی موسافیرێك
ڕۆژئەژمێرت پەرە دەستێنی ئاخۆ؟
**- تکایە شاخ!**
بە بەر چاوی هەمووانەوە مێژووت بڵێندە؟

ڕابردووت ڕەنگێکە کە مەسەلەن مەیلەو سوور؟...
هەمیشە ماچەکانی ناتەواوترین هەرەسم
یازدەی سێپتامبری گەشاوە و
گەشکەی ئاوەدانییەکان لە مندا دەڵێتەوە...
لە مندا
کە بێ دەستەڵاتترین چرکەکان سەوزانە قاچاغ
پیاوانە دۆڕا و
مێرانە وێران...

موسافیرێك تەنیا تا سەدەی بیستویەك
هەر ڕێبەندانی وێرانی شكۆفە دەژمێرێ
تا هەمیشەی گەلاوێژی شاخ و قیرتاو
تا هەمیشەی تەنیایی و
موسافیر...
تەڕی هیچی وێستگەكانی هەمیشە و
من
وێڵی دەستەڵاتی سەوزی قاچاغ
نا... پیاوانە وێران
لا... مێرانە دۆڕاو...
تا... ئاوەدانییە گەشەكانی هەرەسی موسافیرانی ئەوپەڕی تەنیایی
موسافیرانی بیست و پێنچ ساڵەیی دۆڕاو...

بیست و پێنجی هەرەسی هەزار و سێسەد و تەنیایی
لافاوی سەوزی وێرانی و
هەرەسی بلووغ
كەسایەتییەك ئەویندار:
**[ڕۆژژمێری بلووغی خۆی لاپەڕە بەلاپەڕە**
**شەقامە**
**تا شاخی هەرەس بردووی**
**لە وێران**
**كە وێران**
**تا وێران...]**

تا وێرانی بلووغی تەنیایی
هەنگاو... هەنگاو

گەڵاوێژ لە هیچەوە بەرینە
کەچی رووخاوە
ئەوینداری ئەوپەڕی وێڵی قاچاغ و
هیچ گەلاوێژێ چاوی گەشانەوەی لە رژاندا
نەڕژاوە...
دەڕژێمە ناو چاوە گەشەکانی وێڵی... و
سەربەخۆیی گەلاوێژانەترین ماچ و تەنیایی
لە وێرانییەوە کە بیست و پێنجی من بێ
تا هەزار و ئەوەندەی کە من پێم وایە تۆ خوداوەندی
تا کێ بەر کێی چی
کە لە ئاست شکۆفەی گەلاوێژتا دۆڕاوم
ئەی ترست لە دڵدا پیرۆزی زەمان و
یەقینت لە خوێندا سەوزایی هیچ و
وێرانیت لە مندا
بیست و پێنجی کتێبی پیرۆزی کارەسات...

ڕێگا دەبڕم... ڕێگا دەبڕم... ڕێگا دەبڕم...
تاً یازدەی سێپتامبری گەشی ئەو ئەوینە پیرۆزەی کە
گەشکەی ئاوەدانی دەژی
تا تۆ گەڵاوێژی هیچیم.

٨١/٣/٢١ – ورمێ

# گڕ - من بوو

*پێشکەش بەباڵندەکانی دەم - با - وئاگرێکی نوێ*

من بەئاگری کاڵیوە هەڵفڕینم سەفەرە
بەئاگری دڵەوە
بڵێسەی هەڵفڕینم سەفەری خەونێکە بە دڵدا
کە کۆچ لە رستەیەکەوە
تا ڕستەیەك
بڕوای ئەمڕۆیە
تا لە بەسەرهاتێکەوە کە فەرهاد
بە ڕەنگی لامی باڵندەکان و
بەکوێرایی هەڵفڕیندا
دەلاقەیەکی شیرین بۆ کاڵێ...
دەلاقەیەك
لە هەڵفڕینەوە تا کۆچ دەمترسێنێ
ماڵێك لە بڵێسەوە تا هەموو ڕستەکان
وەتاغێك لە کاڵێ و
لە نووسینەوەی هێمایەك...

مەترسی سووچێکی ئاور
ڕستەکانم بەرەو شیرینترین لام دەهۆننەوە

که گلۆڵە گرێك بێ لە هەمووم

بەرەو تۆ

ئەی ڕەخسی شەیتانانەی زەمان.

تا زەمان هەمووم شیرین کا
تا شەیتان بە ترسەوە کۆچی لە بەسەرهاتما
تەڵقینی سێو
تەڵقینی ئاو...

چ بەسەرهاتێکە خیلقەتی کاڵێ
لە وەتاغێکدا... کە من
لە زەمانێکدا...

کە سەفەر.

کاڵێ...
کاڵێ...

کاڵێ...
کوا ئەوەی من بەئاگریەوە دۆزەخ
بە وشەیەوە باڵندەی دەم با
بە سەفەریەوە ئایەتێك لە مەرگ
کە شەیتان خیلقەتی ساکاری زەمان و
من هەراوتر گەشانەوەم
بەرینتر باڵم.

گەشیم هەراوترین خیلقەتی سەفەری دۆزەخ و
مەرگم ئایەتێك بۆ سەمای کاڵێ
لەو بەسەرهاتە بوولێڵەدا...

بوولێڵە من
کە ئێوارەم لە سەمادا
بەرزەخێکە لە کۆچ
لە مەرگ
من دەژیمەوە... وا دەڵێ: کاڵێ
لێك هەڵدەبڕێین... وا دەپشکوێ: من
بەرزەخ هەڵبڕانی من و سەمای ژیانەوە نەبوو
کە خودا خیلقەتێك بێ لە جوانی و
لە تەنیایی.

تەنیا جوانی لە تۆدا تەڵقینی بایە
تەنیا خودا
بە تۆوە ئایەتێك لە باڵندە
کە هەڵفڕین سەرەتای وشە بێ و
وشە سەرەتا بێ و
منم وشەی هەموو ڕستەکانم بە شێتانەترین خیلقەت
بە ئاگری خۆمەوە بلێسە.

سەرەتا گڕ بووم
گڕ لەگەڵ من بوو
گڕ من بوو
کە کاڵێ گڵۆڵە گڕێك بێ
لە گلێنەی ماتەمدا.

٨٠/١١/١٩
ورمێ

# ئێمە ساحیرانی شەو بووین

ئەی مەزدا ئەهوورای خاوەن... ڕووناکتر بە
ئەی مەزدا ئەهوورای عاشق... شەقامتر بە
ئەی مەزدا ئەهوورای وشە... شێعرتر بە

تا بەندی یەکەمی کتێبی پیرۆزی شێتی
تا نووسەرانی خاوەن قەڵەمی دلێر
گوێ ڕادێرن
بۆ سەرەتای دڵپڕیەکانی هەسارە
کە ئەگەر ڕەشتر نەبایە
شەو بوو...

لە سەردەمی تیرۆری کووچە باخ و گلاندا
بە ناوی پیرۆزی سادەیییەوە
ڕۆژان دێن و
ڕۆژان دەچن و
دەڕژێن
ئەو خوێنانەی سوورتر لە ئایەی تەنیایی و
منن
...

ئەی مەزدا ئەهوورای تەنیا
ڕۆژێك محەممەد ″س″ بەدونیای گوت ئاخۆ
بەناوی تۆوە بخوێننەوە ڕووناکی
ئەگینا
شاعیران سێحر دەکەن و
«ئێمە ساحیرانی شەو بووین
بە ڕووناکترین لاپەڕەکانەوە
ئێمە
نووسەرانی ئەو بووین
ئەگەر وشەمان هەڵیگرتبا ڕەساڵەتی تریفە.»

شەو دەباری، ئەگینا کوا هەڵفڕینمان ئاوا تاریك
نوورێك
ڕژاو
«ئێوەن تێکڕای ئەو عێلانەی
یەك ناناسن
لە پەنجەرەیەکەوە بۆ گفتوگۆ
ئێوەن ون»

ئێمە ون بووین و پیرۆز و تەنیا
ئەی لە ئێمە دوور، مەزدا ئەهوورا
ڕۆژێك ئەگەر درەوشانەوەی لە بیر مابێ
دەگێڕمەوە:
«ئەی دەسکردی هەمیشەی خۆم
ئەی مرۆڤ
ئەهوورا بە»

و

ئێمە زەردەشت بووین و بڵێسەیەك لە خەفەت

ئەی سرودی ناتەبای ڕەشایی...

شەوێك خاچ بە هەناسەی گەرمی کووچەوە

جولجووتا بوو

شەوێك خاچ ڕەشتر لە ئەهوورا بوو

شەوێك خاچ لە دایك بوونی عیسا (ع) بوو

عیسا گریا:

«ئەگەر دایکم سەرەتای تاوان و پاکی

منم

من

شەوێك بە خەفەتەوە مردوو

منم

من

شاعیری ئازار...»

ئەی مەزدا ئەهوورای فڕین

«شێعری من بێ بەری بۆ لە ئاوێستایە

تا تەوڕات...

کە مووسا

بە تەمەنی نیلدا شێعر بوو

کە مووسا

بە خەفەتی ئاودا موسافیر

ئێمەین شاعیرانی بێ سەفەر و بێ خاچ

لە ڕەشایی سروودێکدا

ڕۆژێك لە سەلاّمدا بەزاراوەی پەتی خەفەت:
«دونیا دەخوشێم و
ڕووبارانە موریدم
تا نیل»
دڕكە زاری ئەندێشەیەك لە چاومدا

وای لەو خاچەی
لە كاكۆڵمەوە بزەیە
وای...
مەسجید ولحەڕامی نەتەوەیەك لە ڕەقیبانیدا گەلاوێژە و
لە زەمانیدا ٢٥جارە بوون
تا ئاورگەیەك كە هی من بێ
ئەوێستاین بەپەیامی ژانەوەو
بێ پشكۆ...

گەر چوار جار ئاییئم درەوشاوەتر
تا رووحانەتی ئاو.
تا كەعبەی وشەیەك
تەوافی هەستم بێ و

تا من بم واریسی ڕووناكی
تا من نیم كافری شەوانی درێژی بیابان و
٢٠و چەند جاریش هەر دەپەیڤم
خوایە گیان
ئەهوورام...

١٣٨١/١٠/١٠
ورمێ

# ڕۆژنامەکان بەجێم دێڵن ئەگینا

مێگەلی پەپوولە بە دڵی شارەوە شۆڕشە و... تەنیایە!
سێڵاوی هەنگوین دایگرتووە دەماری جەنگەڵ!
قشوونی هاوپەیمانان قووڵترین جەماڵ جاڕ ئەدەن!
«واعتصموا بحبل الله جميعا ولا تفرقوا»
ئەمریکا کوا لێرا کۆشکێکی سپی تر!
سەردێڕی ڕۆژنامەکان ئەگەر حیز نەبن
دەمبورێ ئەو ژنەی بیرەوەری منەو پەپوولە

سەردێڕی هەواڵەکان ئەگەر:
جیهانی بوونە هەر سەرچاوەی سپیترین...
خانمیش غەرقی قووڵایی خۆی
وەکازێك لە جوانی و
پیرترە.

خانمی من ئەمریکای سیا نییە و دەچۆڕێ لە خۆیدا
ئەویندار و ڕووت
ئەویندار و مات.
لە خۆیدا قووڵترە و سیاتر

لە خۆیدا جەنگەڵی تەنیایی جارِ ئەدا و
مێگەلێ پەپوولەی هەڵفرِین ئەوەرێ.

خانمیش... بەلێ سیاترە و مات
بەلێ... تاریکە... تاریك... لە داهاتوودا.
چ پیرە هەواڵی رۆژنامە و پەپوولەی هەڵفرِین
پیرخانان لێورِێژی فاکسی وەکازێکن
کە سەر دێرِی هەموو رِۆژەکانە و
لە بیرەوەریدا تل دەخوا

چ بیرەوەرییەك سەردێرِی هەڵفرِین و پیر
چ رِۆژێك فاکسی پەپوولەمان بۆ ئەرِژێ و
چ خوایەك ئاخۆ تاریکە
یا داهاتوومان ئاوێتەی سیایە؟
چ خوایەك ئاخۆ هەڵفرِینمان جارِ ئەدا.

یاهوو

یاهوو...
دەروێشم خانەقای لێورِێژی مێگەلێك هەواڵە و
تا پیری خانەقای هاوپەیمان
تل دەخوا
تا پیری کۆشکێکی سپیتر بۆ من و بۆ هەمووان

چەند دوورە
yahoo یەك
تا
یاهوو

ئەی خودای هەڵفڕین...
چەند دوورە هەواڵی ڕۆژنامەی جیهانی سپیتر
تا خانمانی تەنیای من
کە غەرقی قووڵترین پەپوولە و جەنگەڵە...

سەرەتای سەدەی بیست و یەکەم
سەری وەکازێك سووڕ ماوە لە حەژمەتی تەنیایی!
پەپوولەی پیری و جەنگەڵیان دڵیانە!
لە پیرخانان هەر فاکس وەرئەگرن
خانمی قوولترین گەرمایی
بە ڕەشەبایەکدا شاعیرە و مێوینە!
کێ دەڵێ ئەمریکا پیرترین جەنگەڵی پەپوولە دەوەرێ ئاخۆ؟!

سەردێڕی ئەوینی شاعیری تەنیای من
لە سایتی سارسدا
وەك خەون درێژە و پیرانە...
سەردێڕی ڕۆژنامەش هەر دووری ئینسانێك دەنەخشێ
کە دوورە لە ئەوین
کە دوورە لە مرۆڤ.

لە مەولا سەندەڵی موعجیزە وێرانە و
بەمەولا
شەڕابێك پیت بە پیت مەست لە من دەچۆڕێ و
عاشقیی شاعیرێك
پڕ لە شێعری منە
کە لە ئینسان داوەریوە...

ئێستاکەش
ئینتێرنێت ناتوانێ فێنکایی دوو مەمکی پڕ سپیم دابین کا
موعجیزەی دوو کۆشکی سپی تر
کە چی دوو رووبارت لە عەسری ئێستاشدا
عاشقی لێ دەڕژێ و موچڕك.

نەخۆشی دڵی من ـ گەر ئەمریکا نەبارێ لە تەنیاییمدا ـ
چاری دێ گەر شەوێك
چاری دێ گەر ساتێك
هەر کێژێك جەنگەڵی تەنیایی خۆی لە مندا بوەرێ و
سەرسوڕمان...
نەك ڕۆژنامەی ئەوڕۆ:
«کە سارس لە هەموو قوژبنەکانا ئاوێزانی مرۆڤە
کە بمرێ تەنیایی مرۆڤی ئەم عەسرە»...
ناتوانێ ئامریکای جەهانگیر
عاشقی ڕەشتر و ڕەشتر و سیام بێ
تەنانەت گەر سیاش سوور برمێ لە مندا
من گۆچانی پیریم عەرعەرە و لە ئەنفال
دەوەرم
من پێڵاوی دووریم ڕێگایەك دەخوازێ
کە ڕۆژنامەی ئەمڕۆ نووسیویە: «کۆتایی نەماوە ڕێگایەك
کە منی ڕێبوار بم
هەر ڕۆیشتن لە خەونی جەنگەڵا چڕترە و
ئامێزی ئینسانێك تەنانەت با داهاتووش بێ
دەمچێنێ لە خۆیدا
یا ڕووبار...

بۆ وێنە ئەگەر کۆشکێکی بەرزیش
کە لێوڕێژ لە تاجی تەنیایی غوربەت و دووری بێ
مێگەلی پەپوولەم
نایگەنێ و
وێرانن...

مێگەلی کچانیش لە سایتی سارسدا
نەناسران و
غەریب
غەریبتر
تەنانەت گەر گەرای هاواریش
لە گەرووی گەرممدا بەستەڵەك

دوو چاوی خانمی هەڵزناو بە خەونی سیامدا
هەڵیگرتووە ڕەسالەتی ڕەشترین پیرەکان و
ماندووترین موعجیزە.
کە هەڵفرم لە دەلاقەی شێواویەوە...
خانمی ئەوڕۆی من پیرانە باریوە
بە مەودای نووسراوەی فاکسێکدا
کە مووسا
بۆ
مووساد
ئەوینە.
خانم وا سەندەڵی ئەوینی بێ ڕێبوار باریوەتە سەر منێك
کە ئاخۆ دانیشتن موعجیزەی ماندوویيم
هەڵدەفڕێ...

نەمتوانی لە سایتی سارپسدا
ناوت نەبەم و
زەردترین نەخۆشم... بەڵام... ڕەشترین دەلاقە...

نەمتوانی بە ئادرەسی دیکتاتۆرێك
نامەیەك نووسراوەی هەر کەس بێ
بە نیشتمانم رەوا ببینم...

ناتوانم شێعرێکیش بە پێی هەواڵەکان
بە فەرموودەی پیاوچاکان
بژیمەوە بۆ کەس...

خانم گیان...
ئەگەر شایەك تاجی خۆی بەخشیبێ بە دڵم
دووهەنگاو شاعیرتر
لە مندا هەر پیر بە و
شایانە...
مەستە خاك کە بە فەرموودەی پیاوچاکان
پەنجەرەی غەریبی ناژێتەوە بۆ کەس
شێعرم و
دەژی
بۆ...

خانم گیان...
حەیفە تۆ بە گەرماییتدا
سەفەرێکی پڕاوپڕت تێدا هەڵنەفڕم
حەیفە تۆ بە تووڕەییتدا

ڕەشەبایەك لە دەمارەكانما دەسرەوێ
حەیفە تۆ بە مەستیمدا شاعیر بی و
من نە وشەم
نە شەڕابانە
چۆڕە چۆڕ بتنووسمەوە...

گەر حەیف نەبوایە
لە سایتی تەنیاییدا هەر ڕۆژەی وێنەیەك
هەر ساتەی دایكێك
هەر دەمەی سەركۆمارێك

با ئامریكاش سپیترین كاخەكان و
ئێمە ڕەشترین كۆخەكان و
هەر كەسیش ئەگەر كەپرۆچكەیەك و
دژی شۆڕش هەڵفڕیو...

خانمی من گەرمبە و قووڵاییت چیتر سەوزە
قورسایی تەنیایی
لە ساتی سایتێكی شاعیردا دروشمە

خانم بە پیری حورمەتی هەزاران گۆچان و زەردایی
شاعیرە و
سیاتر

خانمم
سەرەتای تەوراتیش بۆ كیژی ئۆرشەلیم عازەبە و
لە كۆتایی خۆشیدا

داگیرساوە قەیرە کچێکی تەنیا...

پیرخانان میوانی تەنیایی ساتێکن
کە قژی ئەهریمەن سپیتر کۆشکێك بێ!
سێزدەم و سێزدەتر دەردەچم لە ساڵی سارسدا!

چەند هەواڵی دیکەش سەردێڕی ئەورۆ هەڵدەفڕن:
گۆڕستان بە سەدان کێلی جوان
لە ئێستامدا ڕوواوە
- ببوورن -
گۆڕستان سەرەتای پیری من دەکۆخێ و
ژنێکیش حورمەتی قووڵترین گوڵەکان و
کۆتایی شێعرێك پێدەکەنێ
و

ڕەمز و ڕاز لە چاوێوە
لاپەڕەیەك لە تەوڕات ئەنووسێ و
بارانە و
بارانە و
بارانەی لێواری ڕۆژئاوای چۆمی ئۆردۆن
بارانە و
بارانە و
بارانەی چۆمەکەی مەجیدخان وشکتر
بارانە و
بارانە و
بارانەی تازەی سارس بەرەو من

بارانە و

نەباری

ئەوینێك لە ئێمەدا کە قاقڕین...

نەباری مرۆڤێك لە چاومانەوە

کە کتێبی عەتیق سوورترە ئاخۆ

یا فرمێسکم...

من ئەگەر دەرفەتی قووڵاییم سوورترین شەکاوە

دەمبووریٚ

ئەو ژنەی دەبێتە موعجیزەی پیرۆزی کۆنی خۆم

لە تەوڕات

من ئەگەر پەیکەری ئازادی

تا کچی ئۆڕشەلیم بۆ ژوانم ئامادە

هەر بژی وڵاتی یەك گرتووی هەڵفڕین

هەر بژی شاعیر و...

یا مووسا و

گۆچانی پیرانەی.

١٣٨٢/١٠/١٠

بۆکان

# منم شاعیری ژنانی چاوەڕوان

پیاوتر لە دار... بە ڕیشاژۆی پەنجەرەتدا... ڕووناك
ڕاکشاوتر لە شەقام... بە ئاژاوەی چاوتدا... تاریك
عاشقتر لە هەور... بە تەنیاییتدا.

منم پیاوی عاشقی ڕاکشاو... لە ودێڕەدا کە شێعرە
منم پەنجەرەی ئاژاوە... لەو عیشقەدا کە تەنیا
منم شاعیری تەنیایی هەور... لەو ئاژاوەی شەقامەدا... کە ڕووناك

بخوێننەوە سێ شێعری من کە پێکەوە هەورانە بە سەرتانا...
بنووسنەوە سێ دێڕی دوای ئەوین... کە سپی سپی چاوەڕوان
ئێوەن پیاوانی ڕاکشاو لە سێ شێعری ناتەواوی عاشقێکدا

١

شینتر لە جوامێری
باران
بەهارانە
لە ئامێزمدا دارستان
ئەی شێعری سەرەتای
ئاژاوە
بنووسرێوە بە
رووحمدا
تەنانەت ئەگەر
سەروایەك
بۆ تەنیاییم
دێڕێك بۆ سەرەتام.
بارانی جوامێری
ئامێزم
سەروایەك بۆ
سەرەتات
دێڕێك بۆ هەمووت
ئەی ناتەواوتر شێعر
لە ماڵئاوا.

٢

**سپیتر لە جەسارەتی**
**ئاو**
**کە هەور**
**چیها گەڵا ئەچڕێ**
**بۆ چرکەیەك تەمەن**
**تا ناتەواوی جوامێری**
**سەروایەك**
**کە تەمەنی**
**جەسارەتی**
**شەقام**
**منم**
**شاعیری ژیانی**
**چاوەڕوان**

٣

سوورتر لە مێهرەبانی
ئاژاوە
چۆڕانەوەی تەنیایی
وشەی تاریکیم
وەك سەروای بولێڵی
ترس
ڕیشاژۆی پیاوێك بە
تەنیاییدا
بچڕە
ڕاکشاوتر لە وشە...
تاژاوە

٨٠/٩/١٥
ورمێ

# ئەنگوستەچاو

ڕۆیشتنی من
بە ئەسپێکی داوێن تاریک
لە ڕەهابوونت بەرەو مژ
هەتا داوێنی تاریکی شێعرێکی ڕەش
هەتا عەشق بە تاریکایی ئەسپێکا
من ماڵئاوا...
بەر لە ماڵئاوایی تاریکی ڕەهای من
بەر لەوەی کچێك بلووغی لە ڕۆیشتنی بەرەو مژا
هەتا عەشق
بەر لەوەی ژن...
من بە ڕەهایی بلووغی عەشقی تاریك
دڵۆپ
دڵۆپ
دەگەمە ژن.

بە مژی خەوتووی بەیانی کە ڕووبارێکە لە ئێستا و
زەمان پیت
پیت

خەریکە بە نووسرانەوە.
وەك جوغرافیای عەشقی خۆم
کە لە مژی بلووغی کچا ماڵئاوا و

لە ژنی تاریکی ڕەهادا
ڕۆیشتن.

چیها شێعر بەر لەوەی باران... نووسراوە
بە پیتی خەوتووی ژنێکی رووبار ئاسا
لە دەرفتەرما

چیها بزە
تا عەشقی جوغرافیایی رووبارێکی بەر لە بلووغ
بە ئەنگوستە چاوترین کچدا
لە ون بوون.

# تێکڕای نیوە

تەنیا نیوەی دارستان و خەون
هەموو نیوەی ئاو
تێکڕای نیوەی پاکی بۆ تۆ
بزەی بەردەوامی خودا.

بزەی تۆ خەونی تێکڕای من
لە شۆڕابەی ڕەشترین بلووغی ژنەکان
و
هەوەسبازترین خەونی پیاواندا ـ
نیوە
تەنیا نیوەی ڕەشایی ژنانی بارانە و
دەمرم
ئەی ژنی بەردەوامی ئاو
یەزدانی بەردەوامی ـ من.

تاوەسووتە دارستانی خەونم لە سێوی سووری حەوادا
مەست
نیوەم
مەست

که ئەوین منـی بەردەوامـی ئـاو
تـاریك داگیرسێنیٚ
وەکوو خـەیاڵـی دارستـان.

تۆ...
لەگەڵ تۆمـە دارستـانـی تـاریکـی مـەرگم
ئـەگـەر من تـاریکاییم لـە تۆدا بژیمـەوە
کێیە نـەمریٚ وەکوو ئـاو

ئـەگەر من سـەوزاییم میراتـی شۆڕابـەی ڕەشترین سات
بمریٚ بـەهـار
بمریٚ شێعر
بمریٚ خۆم
کە میراتـی ئـەهریمـەنم.

نیوە... تـەنیـا نیوەی بـەسـەرهـاتـی ئـەهریمـەنم
تـەنیـا نیوەی تـەنیـایـی
نیوە ـ تێکڕای نیوەی تۆ دەژیم
ئـەی ڕەشترین سـەوزایـی تـاریك.

# ئەمن و مووسا درودی خوامان لەسەر بێ

ئەگەر لە دڵما باڵەخانەیەك ڕازاوە یا ژنێك
تا قووڵترین ئایەت
بە ڕەسالەتی گەرمادا
**(من هەتاوم، ماندوو لە زەردایی سەفەر**
**بە کۆتایی تەمەنی ئەو بایەدا دەپەیڤم)**

کە ئەگەر کۆتایی بێ سەرەتای وشە
کەی دادەڕژێ شەو
مێیانە.

ژنێك ئەگەر لەشی کتێبی پیرۆزی کۆن بێ و
چیها نیشانەی
خوایەتی!
هەر من؛
کەی موعجیزەی عالەمێك سەر سوورمان ڕوواوم...

موعجیزەی عالەمێك تەمەنی قووڵم من
کە ئێستا
پیرۆزی مێوینە لە لەشی هەتاودا

سەر سوورمان دەپەیڤێ و

ئێرە سەرەتای گۆچانێکە کە پیریم دەدۆزێ

سەرەتای پیریمە و
حورمەت و
ڕەنگە ڕۆژێکیش ئەگەر
لە پیرخانان سەرسوڕمانی هەتاو سڕم کا
تا
کتێبی پیرۆزی حورمەتم سپی...

ئێرە کۆتایی گۆچانێك دەڕوێ
کە موعجیزەی مووسا و منیش
کە من و مووسا و ئەژدیها
تەمەنی قووڵی فیرعەونێك داڕژاوین
کە ئەگەر هەستی بێ
یا ڕووبار...

ئەژدیهای شاعیری ئەم شێعرە
لوول دەخوا لە پاکی ئاسییە و
هەستیدا...

ئەمن و مووساش «دروودی خودامان لەسەر بێ»
تەنانەت مووسادیش ناتوانێ
تەوڕاتمان
تا کچانی باڵغی ئۆڕشەلیم و
تا شەرمی کچێنی کیژانی ئۆرفا

نەسەلماو داگیر کا...

ئەمن و مووسا و تەمەنی سەر سوورِمان پیرۆزە
کە ئەژدیهامان سەرەتای پیری بێ و
ژنێك قووڵترین حورمەت
تا پیرترین گۆچان موعجیزەمان...

تەنانەت ئەگەر مووسادیش سەرەتای پاکی بێ و
کیژانی عاشقی تلاویو و
ئەنەدۆل...
لە نیلەوە دابرِژێن و
لە فورِاتەوە بخوشێن و
دەریاش شێعرێك برِوێ لە قامەتی شەپۆلیدا

کە سەرەتای کتێبی پیرۆزی ئێمە
تەنیاییە...

تەنانەت ئەگەر ژنێك باڵەخانەیەك لە دڵما
تا گەرمترین ئایەت
پەیڤی موعجیزەی سەر سوورِمان
دەدرەوشێتەوە...
تەنانەت
ماڵئاوا یا مووسا...

زستانی ١٣٨٢ – بۆکان

# ڕێگا

یاڵت... تاڵترین تۆڕە بە بیرەوەری هەتاو... ڕەش
یاڵت... ڕەشترین چرکەی تەنیایی مانگە ـ
بە یادەوەری غەریبێك... ڕۆشن

ئەی جوانووە پیرەکەی نە حیلەت هەتاوانە ڕووناکیم
نە پرمەت ڕەشترین بیرەوەری ڕێ
گەر سوار چاکی تاڵترین مانگەکانی تەنیاییم
لە جەرگەی شەڕێکی سەختا
یاڵت هەتاوانە لە مندا شەکاوە
تا بەرزترین حیلەت غەریبی و
تاریك...

١٣٨٣/١/١٩

# نا.دڵنیا

شڵەژاوم و
بەو دیوی کارەساتەوە پەڵە دەدەم... ڕەنگ
ئاڵۆزاوم و
بە لاپەڕەی هەزار و چەندەمی مەرگەوە... پەیوەستم...
ئاخۆ
بریندار و
بەسەر باڵی ژنەوە دەفڕم.
ئاخۆ هەزار و چەندەمین لاپەڕەی فڕینم
پڕ پڕ پڕ دەبێ لە باڵ
شڵەژاوم و ڕەنگە بە باڵی مەرگەوە پەڵەم دابێ و
کارەسات لەو دیوی برینەکانمەوە
بفڕ فڕێ...
ئاڵوزاوم و
پەیوەستم بەلاپەڕەی ئەو دیو تەنیاییيەوە
ئێستا.

٨٣/١/١٩

# جەنگەڵ

دارستانێك هەنیسك ئەدا ئاخۆ
دارستانێك ڕەنگە شەهیدێك دفن كا

دارستان سوور... سوورتر...سوورترین گەرمایە
لە قووڵترین دەربەندی فەرامۆشییەوە.

ئاخۆ سوورترین فەرامۆشی ئەمجارە
شەهیدێكە كە قووڵە تا دەربەندی هەنیسكی دەریا

ئاخۆ شەهید
هێڵنجی سووری ئەوینە لە قوڕگی كووچە باخێكا
یا من دارستانێك كفن باغەوانم
لە قووڵترین هەنیسكی فەرامۆشیدا
تازیە باری كام تەنیایی
سوور و
سوورتر...

٨٣/١/١٩

# ئەریٚ

نێژراو لە چوارچێوەی تۆیەکی نەدیودا
بە کفنیٚ لە سوورەتی خەفەتەوە
بە هەناسەیەك لە دواویٚردەکانی
سەخڵەتی...

مردوو لە باوەشی ئەوێکی ئەبەدی
بە باسکیٚ لە قینی هیچەوە کوتراو
بە بۆنی لە دوا پشووەکانی زەلکاو...

تەرمێك ئەریٚ
کە نەهیچ قینیٚ تا ئەبەد سەخڵەتی دەکا
نە وێردی نادیاری سوورەتێك بەسەریدا تەمە

تەرمێك ئەریٚ
**- کە ڕەنگە من بیٚ -**
بە قینی هیچەوە لە گۆڕێکدا ئەبەدی
دوا پشووەکانی سەخڵەتی نازانیٚ و
دواتریش
تەرمێك لە چوارچێوەی نادیاری ئەمندا خەفەتبار
ڕاکشاو...

٨٣/١/١٩

# تینوو

ڕەوە عاشقێك لە دەریادا قاقڕ
پەڵە گریانێك لە ئەویندا
باریو...

پۆل پۆل... بە سێبەری دەریاوە شەتڵە جەنگەڵ
هەتا

تاکە دارێك لە دەمارما چەماوە.

پۆل پۆل... چەماوەتەوە سێبەری ئەوین
لە شەپۆل دانەوەی شەتڵی بارانی ڕەوە عاشقێك.

پۆل پۆل
باران جەنگەڵێ ناسنامەی تینوێتی وەریوە و
ڕەوە عاشقێکی قاقڕ.

١٣٨٣/١/١٩

# ئەگەر تەنیایی

حەیف بوو باڵندە تەماوی
حەیف بوو لووتکە لەوپەڕی تەنیاییدا
لووتکە لەوپەڕی خوێندا
مانەوەی خۆین بەرز بێ و
نەویترین کات
نزمترین هەڵفڕین
لە داوێنییەوە...

حەیف بوو لووتکە لەوپەڕی مرۆڤەوە عاشقانە بەرز و
ئێمەی تەنیا... خوێنی کات هەڵفڕین و
داوێنی مانەوە لە مستماندا پیرۆز
پیرۆزتر لە ئینسان...

حەیف بوو ئینسانانە نزم هەڵفڕیبام ئەگەر
حەیف بوو لەو پەڕی باڵندەوە تەماوی
نزمترین مەودای خوێنم مەستانە تەی نەکردبا
کە من هەڵفڕیوم تەواوی داوێنی تەنیایی
حەیف بووم من
ئەگەر
تەنیایی... ٨٣/٣/١٣

# دەریا

دار لە تاقەتی سەوزاییدا ئەگەر وەنەوزی خەڵووز
باخ چ خۆڵەمێشێك لە سەوزترین چرکەکاندا
جەنگەڵ بە شنەی خۆڵەمێشینەوە
قووڵترین دەرفەتی دەریا...

وە من ـ کە نەخشی ئینسانێك
لە نەخشەی سوورابیمدا ـ شینە
ئایا لە خەڵووزی ئەمڕۆدا
ئایا لە چرکەی نەخشی جەنگەڵدا
دندە ئاسا بم...

لە دەستمدا ـ ئەرێ ـ سەوزایی باخ
لە مێشکمدا ـ بەڵام ـ جەنگەڵێك ڕسکاو
تا قووڵترین دەریام لە ترپەدابێ...
بەڵێ
دڕندە ئاسا سوورابیم
تاقەتی هەمیشەی ئێستامە و
لرفەی دێ
شەپۆلی کەناری ئینسانێك ـ لە خوێنما... ١٣٨٣/٣/١٣

# ڕەنگێک لە هیچ

چەند هەنگاومان تا خەو شەکاوەترین یاد
چەند پرسیارمان تا ڕۆژ کەسیرەترین دەم؟

بە دەم یادی شەکاوەترین خەونەوە
هەنگاوەکان کەسیرەن و
پرسیار لە ڕۆژدا... فراوان
وڵام لە شەودا... شەوارە.

چەند هەنگاومان لە شەودا
کەسیرەترین هەتاو
ئەمرن
هەتا
چەند پرسیاری سپی؟

٨٣/١/١٩

# شەوێک لە هەزار و چەند شەو

چ دەگمەن ئاوا بوو، مێوینەیەك لە بووندا
بێ ئەوەی لاپەڕەیەك لە سوورایی و
حەرفێکی لە ژووان...

بێ ئەوەی لە جەنگەی جوانیدا
هەزار و یەك ئەفسانە لە بڵێسە و
هەزار و چەند شەو لە حیکایەتە دەگمەنەکاندا
ژیا بێ...

تەواو بوو مێوینەیەك لە جەنگەی سوورراییدا
کە ژووان حەرفێکی لە جوانی ئەفسانە گرتبێ و
حیکایەتێك لە جەنگەی بڵێسە...
چ سانا وێران بوو بڵێسەی دەگمەنی گۆی ژیان
ئەو کاتەی کە ژوانێك
هەزارویەك حەرفی ئەفسانە نەوەری و
لە ژینی مێوینەدا... سوورترین کارەسات.

١٣٨٣/٣/١٦ -بۆکان

# بەردەنووسێك لە فڕین

لە ئەرشیفی کام هەوەسدا لاپەڕەکان ڕەشنووسی من دەبن
تا خۆرەتاو بەردەنووسێك لە نەبوونم
تا خۆرەتاو بوختانێك بە ڕەشترین
بیرەوەریمەوە
کە خۆمم

بە ڕەشترین چرکەمەوە
کە تەعبیرێکە لە باڵی شەمشەمە کوێرەیەك
لاسار
شەمشەمە کوێرەیەك هەوەسباز و
فڕیو...

لە فڕینی هەوەسبازی خۆرەتاوەوە ڕەش
لە بوختانی ڕەشی بەردەنووسێکدا
نەبوونم
لاپەڕەکانی موعجیزە دەڕزێ...

ڕەشترین بیرەوەریمە ـ خۆم
ئەی ـ شەمشەمە کوێرەیەك لە ڕووناکترین فڕینمدا... باڵدار

ئەی بوختانێك لە ڕەشنووسی ڕووناکایی
بە بەرۆکی زەمانمەوە... وەریو
بە تەوێڵی لاساریمدا... موعجیزە
لە ئەرشیفی شەمشەمە کوێرەکاندا نەبوونم
تەعبیرێکە لە ئەوین
بە تەوێڵی هەوەسەوە هەڵفڕینم
بەردەنووسێکە لە مەرگ
کە من بوختانێك بە لاجانگی موعجیزەوە درەوشامەوە
تا ژیان
کە من خۆم بە بیرەوەری لاپەڕەیەکەوە
سەرتا پا خوار
نووسییەوە.

١٣٨٣/٣/٦
بۆکان

# ... سێ نوختە

نێرانە بایەك گڤەی هەر سوور و سوورتر دەكاتەوە
بایەك بە داوێنی تەڕی كیژۆڵەدا
بایەك بە نێو شادەماری ئەو مێوینە
سوور و سوورتر لە سێ نوختە...

كیژۆڵەیەك بە دەماری نێرینەدا
سوور و سوورتر هەر گڤەی دێ و
تا سێ نوختەی... كۆتایی ئەم فەرمایشە
هەر عاشقە و
ئەولاتریش...

سێ نوختەی... سەرەتای دڵم
نێرانەترین عاشقە و
كیژێك پیرۆز
لە سەرەتای فەرمایشم كە عاشقە و
دڵە دواتر...

۱۳۸۳/۱/۱۹
بۆكان

# سنوورێك ـ تاریك

کچانی هەوەڵ خەونی ڕۆژ کەی دەترەکێن لە کازیوەی فەرامۆشدا
کە هیچیان سنوورێك نین بۆ حورمەتی گەرمایی...

کچانی هەوەڵ ماچی شەو کەی دەژاکێن
کە تێکڕایان لە حەسرەتی سەرمایەکدا
بۆگەنیوە تەمەنیان.

کچێك... ئەرێ ـ کە دەترەکێ لە فەرامۆشیمدا
سنووری حورمەتی تاریکە و
سڕترین بزەشی لە کازیوەی
حەسرەتەکان.

سڕترین سنووریشی لە حورمەتی هیچدا
کچێك کە لە پاڵمەوە... ڕەشایی دەترەکێ
لەتابووتی بۆگەنێکدا
دەشکێ...

١٣٨٣/١/٢١

# لە دەرفەتی پەنجەرەدا

نە پەنجەرە ڕازێك لە بوونی بەستی مێژووم
نە... لەیلا... سەرەتایەك لە ئاژاوەی وشە...
کەواتە
من و پەنجەرە بونبەستانە شاعیر
من و لەیلا وەك مێژووم ڕازێکی سیحراوی
کەواتە
سەرەتای ئاژاوەم...

ئەگینا ئەو پەنجەرەیەك لە مێژوودا وشەیە
ئەگینا ئەو
منی لە دەرفەتی کام بەستەدا... وێرانە

ئەگینا و ڕازێکی ئاژاوە سەرەتای بون بەستی بزەمە.
ساڵ و عەیامێك پەنجەرە بون بەستە
هەروەها... بەڵێ... ئاژاوە شاعیرێکی پیرە و
من نووسیومەتەوە... خەفەتێك لە مێژوو
بزەیەك لە لەیلاو
وشەیەك... لەشێعرێك...

که پەنجەرەیەکە بەڕووومدا مێوینە و ڕووتی ڕووت
تا
لۆرکا...

٨٣/١/٢١
بۆکان

# سەفەر

مەستانە
تێپەڕە کە حەسرەتی ئاو دژوارترە
مەستانە قاقڕ بە
کە تەمەنی تینوێتی پەڵەی داوە لە مندا
ئەی لە مەودای تەنیایی و تۆدا
دژوارترین تینووم،

ئەی لە حەسرەتی سێوێکدا
چۆڕە
چۆڕ
شەڕابم

تێم بڕوانە ئەو کاتەی
تێپەری ـ بەمەودای بوونمدا ـ عاشق ـ

١٣٨٣/١/٢٤
بۆکان

# لە چەوسانەوەی پێتێک دام

بە خۆش ناوی باراندا خوناوەت زیندوو
بە بێعسەتی بزەتدا
ریسالەتم بەردەوام.
کە منم ڕەسوولێك لە گومان و
لە چەوسانەوەی گەڵایەك
کە وەرزێك
زەرد زەرد
بکاتەوە
- ئەرێ -
ڕووبەڕووم.

بە ناوی خۆشی گومانەوە دەردەدار
لە توێی نوێنی نهێنییەك...

لەو دیو شووشەیەك
کە هەیکەلی تەنیایی لە خۆیدا ئاوس
کە پەیکەری مەرگ لە هەناسەی ڕا
بە لیزمە
بە خوڕ...

چ ناخۆشە ـ **(مەرگ دەڵێ)** ـ ڕەنگە
**(وەرزێك بە بارانەوە ناوی سەوز)**
چ شیرینە ـ **لە ودیو شووشەیەك نا** ـ كە ئاوسی نازانم چی بوو
پیاوێك دەردەدار... دەناڵێنی:
**(گەڵایەك بەجەنگەڵەوە نیشانەیە لە هەرمان)...**

بە شێعرێكەوە كە وەرزێك بێ لە چەوسانەوەم
ناوی خۆشت لە ڕەسالەتی بزەدا
دەزڕێنم...

١٣٨٤/٢/٥
بۆكان

# تەنانەت

لە سۆزەی چاوەکانتەوە ئەوینێك باوێشکی هەتاوە و
ئاسمانێك کە بێ گەڕانی ئەستێرەیەکم
بێ مەودای زەردی تەنانەت
ڕاخوشانێك...

ئاسمانێك
لە تۆزی خەونێکی عەتیقدا
لە تارمایی هەوری ـ نە تەنیا ئاوس
کە
وەك ئەم شێعرەش ـ قسر ـ نا.

لە سازی ئەوینتەوە ئاسمانم ئایا چیها ئەستێرە و
هەزاران مەدار لە گلێنەی شینیدا
وەبیر دێننەوە
نهێنییەك لە دەریا.

لە دەریای خەونێکی ئاوسدا
تارماییت ـ شێعرێکە ـ بە هێشووی زەردی

ڕاخوشانەوە ـ ئەرێ.

(وە) من هەتاوێك بە جەرگەی هەمیشەوە
بەردەوامم لە كام نهێنی؟
كە وەبیر دێنمەوە
تیشكی ـ عەتیقیش ـ تەنانەت.

# گورگ «۲»

نەجیب زادەترین گوڵی نێو کاشییەك وەری و
هەنگاوی ـ با ـ لە بەردا قەتیس.

نەجیب زادەترین گورگ لە کۆڵاندا
بە سروودی ئەی ڕەقیبەوە
شڵەژاو
ئای نەجیب زادەی
بەردە زا...

گەر نەگێڕمەوە شڵەژاوی کاشییەك
گەر نەڵێمەوە سروودی قەتیسی وەرین
گەر بە نەجیب زادەیی با ـ وە
بە کۆڵاندا
نەخۆش بم

گورگێك هەنگاوی بەگۆرانیمدا
سڵاوی بە وەرینی چاوم دا
خۆی بە سوورایيمدا

قەتیس...

لە ئەی ڕەقیبی ئەو ئەوینەوە
ئەگەر ئێمە گوڵی کاشییەك بوەرین
گورگێك
نەجیبترین کەڵپەی لە هەناومانداا...

١٣٨٤/١/٢٤
بۆکان

# بەلكو

لە گومبەزی خاوەوە دوورێیانەکان سەربەرز
لە عەقیقەوە
بەردێك بە گومبەزی خوێنەوە
مەییو...

شارم دوورێنانی درِدۆنگی درێژە و
پردێك... ئاخ
کە شکا شکۆی لە مێژینەی
شکا حورمەتی ئاو
بە بارەگای ڕێگایەکدا
ڕێبواری پێڵاوی هەنیسکی تینوو
تا

هەرەسی میراتێك لە بەرد.
(وە) بەرد سەربەرزانە بە خوێنی شارەوە
درێژە شکۆی هەناوی
لە کورتترین هەنیسکێکدا
بە حورمەتی پردەوە

گریا و
بە میراتی دڕدۆنگییەوە
ڕێبوار.

پێڵاوی بەرد لە گومبەزی هەرەسێکەوە
حورمەتی شار دەنۆشێ و
دووڕێیانێك لە عەقیقەوە مەییو
بە ئازارم وەربوو
تا میراتی شکۆی تێکشکان.

هەرەسم هێنا بەڵکوو
بە میراتی دووڕێیانێکەوە
لە دڵمدا بەردەوام.

# لانی کەم

ببوورن شەقامێکتان عازەبانە لە بەر پێمدا خوێناوی
کۆلانێکتیان سرك
لە ئامێزمدا تەنگەبەر.

ببوورن ڕێبواری وەك من نە ڕێگایەکی بە خاپووری
نە سەفەرێك لە گلێنەی تەنیاییدا.

ببوورن خانمەکانی هیچتر لە نیانی
پیاوێك لە ئێوەدا ونتر
کەی لە چەخماخەی هەنگاودا
(بارانێك)
لە پێلاوی ئەویندا... لانی کەم
(سلاوێك)
پیاوێك ببوورن کە لە ئامێزی تەنگەبەرتاندا
بە خاپووری...
کە لە هیچترین خوێنتاندا
تەنیا...
هەنگاوی پیاوێك - لانی کەم -

لە گلێنەی ئەویندا عازەبانە دەبارێ و
من پیاوێك لە كۆڵان هیچتر و
لە شەقام
چەخماخەی تەنیاییم.

# جەغزێک بە دەوری هیچدا

بمبیستە کە ماندوو لە شەکانەوەدا
کە شەکەت بە دەم شنەی هیچەوە...

تا ڕەنگە لە سەمامدا باڵندەیەك بەرینتر لە دوێنێ
لە نیگامدا
دونیا بە دەوری مەرگدا... وەها
کە
- با -
ئاوەژوو
هەڵکاتە
گۆرانی...

نامهێڵێ لەمپەرێك لە تانە و تەنیایی
ئەگینا
گۆرانی ئاوەژوو لە نیگام دەبارێ و
باڵندەی دونیا لە شەکانەوەمدا
هەڵدەکەنە تەقڵەیەك ئاخۆ
یا

بەرین تا لانکی کۆرپەیەك لە خەفەت.

باڵندە ـ هەڵدەکاتە شنەی تەقڵەیەك لە هەر لا
ئاوەژوو
وەك لەرەی مەمکی ـ هیچ ـ

بە دەوری مەرگیشدا
لە شەکانەوە ـ دام.
تەنانەت.

# ئەسپ

تا زیارەتی دووکەڵ مەزار و ئاویلکە
تا زیارەتی تۆ.

سەرکەوتووانە عاشقتر لە دڵنیایی
دۆڕاویش چونکە
لە ماینێکەوە سوور یاڵ و مەست
بە خەونی شەقامێك بەچاومەوە وەربوو
ماینێك لە حیلەیەکی تاریکەوە ـ سڵ...

تا تکای گەڵایەك زەرد و تەنیا.
تا تکانەوەت لە ئەنگوستمەوە
کە تینووی نووسینت بێ زەمانێك
لە سوار چاکی پێنووسەوە
بە کاکی بە کاکی دێڕێکدا
هەناوی بەتۆوە هەتاو
وشەی بە کەحێلی ڕووناکییەوە
داسەکناو.

دەحیلێنم بە شەقامی خەونێکدا ـ تینوو
تا زیارەتت لە ئاویلکەی ئەنگوستەوە
بە یاڵت دا.

تینووی هەتاوێکی دۆڕاو
بەتکای ماینێکەوە مەست
کە بە هەناوێکی تاریکەوە
دەئاژوێ
لە کاکی بە کاکی دڵنیاییەکدا
ڕەنگە...

# گورگ

چاوەکانت کە دڕندانە ڕەش و عاشق
ڕەش و
خۆفێك کە گورگ خۆی تێدا دەشوا...

لە ڕەشایی شەپۆلانی وەها شەوێکدا
لە چڕی دارستانێك هەتیو و
قاقڕ...

ڕەش و قاقڕ بە خوێنم وەربوو وەرزێك بە تۆوە
تا
بە ساڵی ئەوینمەوە ـ نەکا حەجمین و
نەکا وەستان.

کە وەرزێك لە چاوت لە مندا
خۆفی دارستان
دڕندانە شەپۆلانی ڕەش
چاوەکانت بە وەرزێك ـ چڕی دارستان
بە ساڵی شەپۆلانی شەو

تا

گورکێك قاقرٍ و عاشق

لە ئەوکمدا

بەمەشغەڵانی لوورەوە.

٨٤/٢/١٩

بۆکان

# باخێك نەك كاڵ ـ مزر

لە كیسم چووە سێو و بەرامەی
لە ڕەنگی  شەرمەزارە كچ
بە هەزار باغەڵ خۆرپەوە
كاڵ
بە هەزار وشەوە
نووسراو لە سەر پێستی ڕابردوو...

تەقڵەی لێدا میوەیەك كە نە مزر و
نە مەزرایەك بۆ چنین.

لە دەستەكانمدا كە شەتڵی  ئاسمانێكن كورت
كە شەتڵی دارێك بە مانگەوە
پێگەییو
بە ڕۆژەوە كاڵ...
میوەیەك لە كیس نادەم لە پێستی زەماندا
داوەریوە
كە باغەوانم
بە هەزار كچەوە شەتڵی ئامێزم

هەراو...

چنگم پڕە لە بەرامەی سوور سوور سووری گەیشتن

که تەقڵەیەکم

بە عەشقدا

مزر.

١٣٨٤/٢/٧

بۆکان

# موعجیزە

لە موعجیزەی مندا کە پێغەمبەرێك نەبام ـ ئەگەر
هەزار و یەك مار بە جەرگەی وشەوە
لە خەونی شیرینترین گۆچاندا

هەزارویەك سیحر بە کەلامێك لە چەشنی ئاودا
لە خولیای تینووترین کەسانمدا... سەر سوڕماو

لە موعجیزەی مندا کە شاعیرێك بم ڕەنگە لە دوێنێ
بە گۆچانێکی ڕاستگۆوە
هەزار و یەك دەریا لە خۆمدا
دەنووسمەوە
شین
ًهەزار و یەك شەپۆل بەتەعبیری ئەوینی ئاڵایەك...

سەرم سوڕما لە کەلامی پێغەمبەرێك
کە گۆچانی هەزار شاعیری هۆنیەوە
لە تینوێتی سەرسوڕماندا.

وە من وەها شاعیر دەبم لە موعجیزەی کەلامێکدا

که وەك دەریایەکی ڕاستگۆ
هەزار و یەك شەکانەوە بە تینوێتی و
سیحرێك بە ئەوینی وشە...
وەها شاعیر
کە سەری مار سوورڕ بمێنێ لە تینوێتیم.

١٣٨٤/١/٢٤
بۆکان

## بۆ دایکم

ئەو دووکەڵەی لە خەونمدا عاشقانە و پێگەیشتوو
نایکێشمە خوار ڕاوێژی لێڵی مەرگەوە.

ئەو دووکەڵەی مەرگم ئەکێشێتە ئێرە
عاشقانە پێی گەیشتووم

لە مەرگەوە دووکەڵێك دێ
ئەرێ
کە ئەمکێشێتە ئەوپەڕی ون بوونەوە.

۱۳۸٤/۱/۱۳
بۆکان

# تا... واتا

مەمدۆڕێنە بە شینایی دێڕێکدا کە ئەگەر هەمووی هەر واتا...
مەمبەخشە بە سەوزایی شێعرێك... کە هیچ واتایەکیش
هەر سووری دەکاتەوە
لە من
لە تۆ
لە ئێمە و
ئەوینێك... ئەرێ.

ئەرێ کە ئەوینێك لە ئێمەوە تا تۆ
هەر سوور دەکاتەوە لە واتایەك،
کە هیچ شێعرێکی پڕ نەبێ لە بەخشندەیی
لێوڕێژ ـ نا
لە دۆڕان.

نازەنینێك دەدۆڕێنم بە سەوزایی شێعرێکدا
کە واتای سوور لە ئەوەوە ـ ئەرێ
تا ئەوینێك...
بەخشیومە شیناوەردی شێعرێك بە وشە
کە منی دۆڕاند

لە هیچ...

ئەرێ

لە هیچ دێڕێکەوە

تا

واتا...

١٣٨٤/١/٢٩

بۆکان

# لە گرەوی گۆڕدا

ڕامووسانی لە بیردا خەزەڵوەر ـ پاساری و
پیرۆزی ماڵێك كە بەردەكانی ڕەش...
هەتا نەكا بە ناكامی بمێنێتەوە هەڵفڕین
(وە)
هەر دەستەكانی لە گرەوەی باڵێكدا
بە ئاسمانەوە
داڕووشاو...

داڕووشا هەڵفڕینی پیرۆزی بەردێك
كە ئێمە لە بیرمان بچێتەوە لە دوێنێدا
گرەوەی ڕاشەكانی ئایندەیەك
لە خۆمان
و
لە خاك...
لە خۆمان ڕایە هەڵفڕین **ـ تا تەقڵەیەك لە سوورترین دەماری لەشدا ـ**
و
لە خاك ڕایە ڕامووسان ـ **تا ڕاشەكانێك لە گرەوەی گۆڕدا ـ**

بەگۆڕی دوێنێیەك **ـ كە شەهید و دۆڕاو ـ**

داڕووشاوین

وەك ئاسمانێك

**ـ كە خەیانەتی فڕۆكە ـ**

١٣٨٤/٢/٥

بۆكان

# ڕۆژ ئەژمێری ڕەوەز

بە پانایی ئەو ڕۆژەدا ڕژا بیرەوەریم
بە پانایی ڕووناك ـ نە ـ شیرین.
نەکا
وەها بێت هەڵۆیەك چەواشە
وەها کە ئیتر نە باخ بە سەغیری
نە شاخ
بە ئاخی تەنیاوە
ڕووت و
ڕەوەز.

بەڵێ پانایيت ڕووناکە و ڕژا و
نەکا

هەڵفڕێ هەڵۆیەك
بە تەنیایی شاخەوە
تیژباڵ
هەڵفڕێ تاڵ.
خانم بە ڕووناکایيت دا درێژ دەبم

تا
له ڕەوەزی دوێنێتدا
ڕووت و
تەنیا.
١٣٨٤/٢/٧
مەهاباد

# وەرینی دشواریم

کتێبەکان ـ جوانیت بلەوەڕن یا ڕووناك
سەگەکان پاکیت بوەڕن یا بەهار
پاسەوانەکان ـ بوەستنەوە بە چرا ڕاهنومای چاوی ڕەشتەوە...

بە لەشتەوە
شووشەکان ساتێ ناسکتر
بە چاوتەوە
جیهان زەمانی لە چکۆلە بوونەوەدا.

پاسەوانەکان دەوەڕن بە شووشەکانی ـ پاك
کە هەر ئەو دیوی جوانییان
لە هەناودا خەزانە

سەگەکان جوانیت دەلەوەڕن بە تەنیا
کە تێر نابێ زەمانێ لە خودایەك
کە بەردەوام
بە موعجیزەی جوانییەوە
یەزدان و
سەما...

کتێبەکان بەلەشتەوە دەست پێ دەکەن و
نووسراو
کە خوێندنەوەی کتێبێك لە هەمیشە
هەمیشە هەر تینوێتیم دنە دەدا و
سووتان

سەگەکانم بە کتێبی پاسەوانێکەوە دەمرێنم
کە شووشەکانی چاوت ترساوە
لە ـ وەڕینی
دژواریم.

١٣٨٤/٢/٧
مەهاباد

# گاڵتەیەک نازڵ بوو لە ئاگر

بـارانێك لـە نـاخـی ئـەویندا هـەمیشە داگیرساو
پرسـەیـەك بـۆ ئـارامـشـی جوانـی لـە دەسـتـەكـانـی
كـانیدا
چـۆڕە
چـۆڕ...

كێژی من! بـە ڕازی دەنگتدا زمـانم دەدرەوشـێ
بـە ڕازی مـەمكتدا
كـە خـودا
تـنـۆكێك خیلقـەتـی پیرۆزە.
... كـە ئـایـەت دەبـارێ
تـا هـێـمـای كـچـێنیت نـازڵ بـێ.

تنۆكێك كچێنیت دەبـارێ و
بـە ڕازی ئـەویندا زمـانم داگیرسـاو
بـە ڕازی كـانیدا
ئـارامش بـە نـاخـی خیلقـەتدا
نـازڵ بـوو...

کچـی من! لـه دەستـی خوداوە پیرۆزە ئـەوینت
کە هێمـای پرسـەیـەك لە لـەشمـا
کە مـەرگـی تـەنیـاییم
هـەتـا تۆ...

ئـامێزت هـەمیشە هێمـایەك لـە جوانـی و لـە ئـاگر
من بـە کـاتـی پیرۆز
نـازڵ بووم بـەدەقـی کراوەی گـاڵتـەیـەك لە نـاختـا
من شـاعیر
بـە رەمزی مـانـەوە و ئـایـەتێك لـە شێتـی بڵێسە...

# شێتێك لە شێتێكدا هەڵفڕیو

ڕەش و تەنیا لە ئەویندا ژنێکە باخ
ڕەش و باڵغ ژنێکە لە چاومدا ئاوس

لە چاویدا
نەك باڵندە
کە من ڕەوەیەك جریوە و جوامێری.

لە دڵمدا گێلاس بە حەسرەتی چ ڕەنگێکەوە
باخ بە ئەوینی
نە باخەوان
کە
دەستێك لە سەخاوەتی وەرینەوە
لە دڵۆوانی ئاوەوە
ڕەوان.

بەڵام
ئەگینا
ئاوس
ژنێك ڕەش و تەنیا لە دڵیدا

که جوامێریم لە سەخاوەتی بلووغ دا و
لە دڵۆوانی باڵندەوە ڕژا و

ڕەش و خەمبار ڕوخساری ئەم شێعرە.
کە ئاوسی جریوەیەك
نە شاعیر
کە گریانی باخەوانێك
کە بلووغی ژنێك
لە وشەیدا
هەڵفڕیو...

١٣٨٣/٢/٢٧
بۆکان

# بەڵکوو فەرامۆش

ئێمەین لە وەنەوزی کەڵەشێرێك دا ـ بە ئاگاتر
تا
بانگێك بە گوێی سەوزی نەبیستن
نەك بتکێ
کە
ئاوازەیەك لە فەرامۆشیدا...

بانگێك لە گوێمانەوە بەفەرامۆشی و
ئاوازەیەك لە وەنەوزی باران
تکانەوەی
ئەگەر تەڕ نەکا
ئاگاییمان
دوور لە ئەوینێکی وەها کە باران
پەڕیوەی ژوانێکی لە چەشنێ کە گڕکان
تەرەی یەك کە خودا تا فەرامۆشی ڕووبار

تەڕ نەکا ـ دەنا ـ ئاگاییمان ـ تەنانەت
خەواڵوو

دەنگی کەڵەشێرێك
کە نەك بەئاگاتر لە بیستن
بەڵکوو
فەرامۆش...

١٣٨٤/٢/٢٧
بۆکان

# سەرکۆمار بە لاپەڕەیەکی ڕەشەوە

بە پردەکانی برینەوە قەتیس -
بە پەیژەی زامێکەوە لە زێی زماندا

لە ناخی ڕۆژێکدا
کە ڕەش تێپەڕیوە لە لاپەڕەی دژواری ڕۆژئەژمێرەکان
ڕەش کە هەڵفڕینی مەودایەك
لە ژیانەوە تا کۆشکێك بە ڕەش
کە بە پیر ئالآمانەوە دێ پیرییەك وەك ڕۆژ...

قەتیس؛ سەرکۆماری ڕۆژئەژمێرەکانی پیری
لە سەودای کوڕانی بە برینەوە عاشق
بە خەونی کچانی باڵغەوە
لە ژووانی خوێندا...
خوێناوی بوو لاپەڕەی ڕەشی بیرەوەرییەکان
کە هەڵفڕی هەتاوێك لە ئالآماندا
تا... هەتا...
تا کچێك
بە بلووغی ئالآیەکەوە

لە پردی پیرییەوە سەودای عەشقی لێ بتکێ و
دەست بەسەر نابێ مەودای کچێنی
تا
بە لاپەڕەی ئێستامانەوە پیاوێك سوور
کە ڕابردووی -
بە ڕۆژئەژمێری داهاتوومانەوە
پیرێك عاشق
تا بەردەوام...

## تینوو «٢»

له ناوتدا كه پاكترین خه‌ونی لێ ئه‌زێ
یه‌زدانی رووت و ته‌ڕ
له ناوت ڕا
كه سه‌رچاوه‌یه‌ك له شێتی تا هه‌ناوی
كه مێژوویه‌ك به خوێنی دا و
منم دۆڕاو...

كه‌سێك له پاكی ناوتدا ڕووت ڕووت و
ون
تا
مێژووی به‌هه‌شت نووسراوه
له چركه‌ی بزه‌یه‌ك كه تۆ
له نووسراوه‌یه‌كی دۆڕاودا
ناوت
به ڕووتی پاكترین خوێنم
وه‌من
له‌به‌ر له‌نگێزه‌ی ماناتدا ـ ته‌ڕ

لە سەر ـ سەرچاوەی نووسراوەت
تینوو.

١٣٨٤/٢/١٩
بۆکان

# فڕین

ئەستێرەیەك لە بێ زەمانیما پەڕوازەی تارێك
لە بێ دەرفەتی ئاسمانێك کە نزم
نزم
شین نەماوە ڕابردووی

شین نەماوە بیرەوەری ئەمڕۆ
کە نە تۆ و
نە باران... سەخاوەتی مێیانەی زەمان بن
کە نە من و
نە دوێنێ... ڕەزامەندی چۆلەکەیەك بین
لە باڵدا...
بە باڵدا...
ئەگەر تاریکی پەڕەوازەیەك ژیان و
ئاژاوەی دڵنیاییەك لە مندا
زەمانی ئەستێرەیەك نزم
تا ئاسمانی ئەمڕۆ...
کە نە سەخاوەتی چۆلەکە و
نە دوێنێی باران.

تـا من دەرفەتـی شینـی بیرەوەری و
تۆ ڕەزامەندی مێیانەی ئەمڕۆ
تـا نە ئەستێرەیەك بۆ زەمـان
کە تێکڕای ئەستێرەکانـی
ئـاسمـانم..

١٣٨٢/٨/١٠

# تاریك نەتەنیا ـ بە تەنیا

نەمدیتووە کەسێك سەرکەوتووانە وەك ئێمە لە شەپۆڕدا
کەسێك ماندوو بە ڕێگایەکی وەهادا کە... بەڵێ
بە ڕێگایەکی وەهادا هەرگیز نایزانم...

نەمبیستووە شەقام کە تەنیاترین ڕاکشاوە
ونمان کا و
نامەی دڵداریمان بە وێنەی نووسراوەی ـ پرسەوە...
بۆ وێنە [**خۆشەویستترینم لە ڕێگادا ـ شەپۆل**
**دڵدارم لە شەپۆلی لەشیدا ـ شەو**
**ئازیزم لە شەوی نیگایدا ـ مەرگ**]
ـ کوا بۆ خۆم خۆش دەبم
لە شەپۆڕی وشەیەکدا نەدرکاو...
مەرگ بە شەپۆلی شەوەوە
نامەی دڵداریمانی نووسییەوە
و
کەس دەخوێنێتەوە ئەرێ لەشی کەسێك
کە هەر کەس نایزانێ...
وا من دەکێشمەوە دوێنێت

بە شەپۆلێکەوە در کاو
بە خۆشی شەوێکدا
ماندوو...

ئازیزم؛ لە ڕازێك کە پڕی پرسە و تەنیاییت
شەقام ناگا
بۆ وێنە **[تابووتی شەپۆلێك لە جوانیدا ڕاکشاو**
**(وە)**
**نیگات کە مەرگی بێدەنگی**
**لە مندا دەچڕێ تاریك]**

نەمزانیوە لە خوێنتدا ون ـ و
دێڕ بە دێڕت نە تەنیا بە ماناوە
کە هیچ مانایەك هەراسانی شەپۆلت
(وە)

هەر شەپۆڕێك بە شەوێکەوە کە تۆی
بەرز
بۆ وێنە **[کەی ونمان دەکا مەرگ لە شەقام**
**کە گۆڕ**
**دێڕ بەدێڕ دەتخوێنێتەوە].**

١٣٨٤/٢/١٠
بۆکان

# ڕەنگێک ساکار... شێعرێک ڕژد

شاعیری وەرزەكانی كچێنی باری
عارفی ڕۆژەكانی مەمك و ماچ
كە بمرێ بە یاوی كیژێكەوە وەك  سێو بە شەرم
شەپۆلێكەوە لە رازی بەیبونەوە پێگەییو
لە سادەیی وشەوە بەرز...
شاعیری عەیامێك مەرگ لە چاوانیدا نووستوو
تەعبیری كام خەونی سێوێكە... سوور
لە یاوی گەیشتن بێ بەری...
بێ بەری كچێنی وشە نابێ قەت
شاعیر بە شێعرێكەوە مردوو
لەو دێڕە ڕژدەدا.
كە شێعرێك لە سێوی نووستووی مەمكەوە
شاعیرێك
وەرزەكان
لە سادەییدا ماچ دەكا و
ڕەنگاوڕەنگ
بۆ ئەوین

# لە هیچ منێکدا

تەواوی ئەوینەکانت بۆ من لە سەرڕا...
لە سەرڕا
هەموو سوورایيت کە شین شین دەکاتەوە و
لە من گەوزیو...
لە نێوان جەنگەڵ و بۆشاییدا ئەرێ کوا هالاوێکی وەها...
وەها کە ئیتر لە کولانەوەی تەنیاییمدا
لە شەهید بوونی تاریکیمدا
کە ئیتر لە هیچدا...
لە هیچ منێکدا شین نەبوو
جەنگەڵێکی شەهید
بە تاریک
کە تاریک...
لە نێوان شەهید بوونی هیچ و بۆشاییت
من سوور سوور دەکەمەوە و
لە تۆ گەوزیو...

١٣٨٤/١/٢٤
بۆکان

# باڵێك بە لاپەڕەی فڕینەوە

بێ ئینسانە، ئەو ڕەنگە شینەی لە زەماندا دەنگ ئەداتەوە
بێ قورسایی
حەشیمەتی سپیترین چرکە
کە باڵم دەبەسترێ و
چاوەکانم زەوت...

بێ ئینسانە ئەو ڕێنووسەی سوور لە لاپەڕەکانەوە
سوور سوور عاشق ـ نا

ئینجا زەوت
سپیترین حەشیمەتی لاپەڕەیەك
بە قورسایی چاوەکانمەوە
تا ساتێ بە ئاگا زەمان
کە بێ سوور من لە خاك ناگەوزێم
تا هەرگیز
کۆلکەزێڕینەیەك لە پرسەی زێڕدا...

ڕێنووسی عاشق زەوت ئەکەم
کە شینایی ئاسمان و

چاوێك بە سووری چرکەیەکی قورس
بە ڕەنگێ کە شەهید ئینسانانە تێیدا باڵ دەبزێوێ

دەخوازمەوە باڵندەیەك لاسار
کە باڵی بە لاپەڕەی عەشقەوە
هەر سوور
(وە) هەڵفڕێ بەحیشمەتی ڕەنگەکانەوە
لە دەماری شێعرمدا
هەتا
کۆلکەزێڕینەیەك بە تەوێڵی لاپەڕەکانەوە...

١٣٨٤/١/٢٠
بۆکان

# پاشگەز ـ نا ـ لە باران

بەرزاییتان پەڵەی بە ئەوینم دا چ کورت
دڵتان شەپۆڵی بە خوێنم دا چ گەرم
چ شین
بەرز و ترسا و
ئەوینم لە شەڕی ئەو نزایانەی ئیماندارێك
لە جەرگەی ئەو دوعایەی پاشگەز نا
لە پاکی
لە پەزدان

بەرزاییتان کە خاچێکی بەردەوامە
کە سێ کوچکەی لە سەر لەشم
وەبیر سەوزاییم دێنمەوە...
ئای لە خاچی ئەو یەزدانەی کە ئێوەبن
کە ئێوە هەن
بەرز وێستاو تا مەلەکووت...

بەرزاییتان بە ئەوینمدا بارانە
کە ئێوەن خولیای ئەو هەورەی

ڕەنگە بە ئیمانی منەوە
ترسا و
بە خوێنی منەوە
مەییو...
ئەوینم هەر لە عیساوە ئەو گوڵە مریەمەی لە گوڵدانمدا
سەوز
لە پەنجەمدا
سانا...

ئەی ئێوە و خاچێك لە نزام
لە ئیمانی منەوە تا مەرگی پاپ
خوێنی یەزدانێك بەلەشمدا - گەرم
بە دوعام دا - باران

١٣٨٤/١/٢٠
بۆکان

# له مندا هه‌ڵه

به شنه‌ی خاپوور بوونه‌وه... لێڵه پیاوه‌تیم
ئه‌وسا... كه ئیلهام كرێ پێم - مێوینه‌یه‌ك
نه‌كا له كتێبی عه‌هدی نوێدا
ڕه‌ساله‌تی ئه‌وینێك موعجیزه، ئاسا...
پیاوه‌تیم خاپوور به تامه‌زرۆیی مێوینه‌یه‌كه‌وه
كه ئیلهامی نوێی لێڵییه و
نوێترین عه‌هدی له مندا سوور...
له مندا
هه‌ڵه...

ئه‌وینێك ڕه‌ساله‌تی كتێبی پیاوه‌تیم
ئه‌گه‌ر ئیلهام نه‌كا
موعجیزه ئاسا لێڵ ده‌بم
به ناو ده‌ماره‌كانتدا
به ناو هه‌رێمی قاقڕی ئه‌م شێعره‌دا و
له كتێبی عه‌هدی شێتی ڕا
ده‌شنێمه‌وه...

١٣٨٣/١١/١٥ – بۆكان

# تاریکتر لە بەرد

زولاڵ نەبای تەنانەت وەك بەرد
هەرگیز
لە دەمارتدا تەلارێك

سادە نەبای ئەگەر لە گوێن مەرگ
حاشا
لە دەروازەیەك بە ئامێزت ئاوەڵاتر

چ لێڵم و بەرد بەدەمارم دا
نە ئاوەدان
نە ئەوینێك پتەو و لە سەرخۆ

چ ئاڵۆز لە ناسینەوەی پڕمەی مەرگ
نە پاوانێك بە هەنیسکەوە
نە رازێك لە گەرمایی تاریکدا

زولاڵ وەك تاریکایی بەرد
بە هەنیسکی ئامێزتەوە
تەلارێکم لە راز و
لە ئاوەدان...

١٣٨٤/٣/٥
بۆکان

# وڵات

بە مەنتقی چۆمەکان نامەم ڕاخوشیوە ـ **ئاخۆ**
بە بڕوای کانی وشەم ڕاچەنیوە ـ **ئەریێ**
بە ئاوەزی بارانەوە دابەشبووم ـ **واتە...**

لە وڵاتێکی وەك من قاقڕدا
کە نە بوونم بەڵێنییەك بۆ بەهار
نە مەرگم بەهانەیەکە بۆ وەرزێك ـ بێ ناو

لە نیشتمانێکی وەك من مەییودا
کە نە ئەوینم سەرەتایەك لە تاریکی وشە
نە قینم پاشکۆیەك بۆ دەریا...

بەکام بارانەوە ڕاچەنیوە دڕدۆنگیم
کە من مەنتقی چۆمەکان لە دەمارمدا و
نامەیەك لە خۆڕپە و
لە وەرز...
بە کام گومانەوە ڕاخوشیوە دڵە دواییم
کە بە بڕوای بارانەوە

دابەشبووم
لە ئێوەدا
لە ئێوە دێڕەکانی قاقڕی
نیشتمانێك لە تەنیاییم...

١٣٨٤/٢/٢٠
بۆکان

# ڕاز

بتدركێنم دەنا
كە ڕیسوای دڵنیای زەمان
كە بە دەم شاعیرێكەوە سەدان شێعرت لێ ئەدركێ
بەرز و
بەڕێز...
بتنووسمەوە ڕەنگە
كە بوێرم باڵندەیەك كوێر و شەل
كە نەك لە خوێندنەوەت وەڕەز و تەرە ـ بەڵام
ترساو ـ ...

بەڵام سەدان شێعرت لە لەشدا دركاو
كە زەمان دڵنیا لە بەزریت.
منیش شاعیرێك بە نووسینەوەی باڵتەوە
هەڵفڕیو
بە خوێندنەوەی لەشتەوە
تەرەی ترس و دڵنیایی.
نووسراوەیەك بە خوێندنەوەی شاعیرەوە دركاو
كە شێعرێك

به چاوی پێنووسەوە
کە کیژێك
بەئامێزمەوە...

١٣٨٤/٣/٦
بۆکان

# پەراوێزێک بە هەمیشەوە

دەرفەتێکی کاڵە لە مەودای هەناسە و بزە
تا بۆشایی
بەڵێنی هەتاو گوایا گەرم و درەوشاوە
وچانێکی سرکە کە ئێستا و هەمیشە
بە پەراوێزی شنەیەکتەوە
حەرام...

بە درێژایی نەفرەت ئەگەر ڕەش و بەستەڵەک
بەفرێك ئەگینا کەی دادەپۆشێ
کە نە ڕەشەمەیەك لە پەنجەکانتەوە کەروێشکەی بەرز
نە وەرزێکی دڕدۆنگ لە ئینسان و

وشە...

دڕدۆنگی پەنجەکانت بە دەرفەتی لێوم نەبەخشی
ئەگینا
هەمیشەی بەستەڵەك لە کەروێشکەی وەرزمدا
نە شنەی هەتاو سرك و
نە پەراوێزێك بەڵێنمە
تەنانەت ساردو سیا...

لە بۆشایی هەناسەیەکی کاڵەوە
لە دایك بووم
کە نە ڕەشەمەی دڕدۆنگم
نە حەرام وشەیەك لە ئەوکمدا
بە پەراوێزی هەمیشەتەوە دەبارم
کە بەفرێك ڕەش و درەوشاوەتریش

نە وەك سارد...

١٣٨٤/٣/٦
بۆکان

# مەرگ ـ سووك و سانا

لە بیرتدا پاییز کەی باڵێك پەپوولە
ڕابردوو کەی هەڵفڕین و دەریا...
کەی  وچانێك لە تاقەتی ڕەوەزدا
سووك و سانا
شاعیرانە بتناسمەوە...

پەپوولەکان پاییز لە بیر نابەنەوە
کە دەریا لە وچانی تەڕیدا
بە قەڵافەتمەوە هەڵدەفڕێ و
تاقەتی ڕابردووی بە ئێمەوە دەوەرێ...
گەڵایەکم سووك و سانا ناسییەوە
بە قەڵافەتی شەپۆلەوە
شاعیر...
شاعیرێکم لە وچانی ڕەوەزدا ون کرد
بە تاقەتی هەڵفڕینەوە
پەپوولە...

لە بیرتدا شاعیر بە گەڵایەکەوە ـ دەمرێ

نەك شەپۆلێك كە تابووتی ڕابردووە
نەك پەپوولە
كە پاییزێك هەڵفڕین و مەرگ
تا مەودا...

١٣٨٤/٣/٦
بۆكان

# ڕۆژهەڵاتێک لە خۆرنشین

یەکەم فەسڵ لە مێوینەییتدا بەربڵاو
وەرزی یەکەمت سەر لە بەر دارستان...

واتە منم نوسەرێك بە ناتەواوی
کە بە ماناتەوە بەردەوام
یەکەم ساتت دەخوێنمەوە...

فەسڵی دووهەمی زەمان شێدار و
وەرزێك درێژ لە ڕەشاییتدا و تاریك...

بەڵێ... منم لە زەمانتدا بە لێڵی و
لە باشووری ئەوینتدا درێژتر
لە تەمەنی تابووت
فەسڵی سێهەمت بە ڕوومدا نەك ڕۆژئاوا
وەرزێك بە هەتاوەوە گەوزیو

حاشا... منم لە شوێنێك زوڵاڵ و
لە باکووری وشەت دا
ئالایەك...

بە زمانێکەوە لە زەینی ـ با ـ دا

فەسڵی ئەوینت چوارەمین پشووی گەرم و
وەرزی نێرینە دەنووسێتەوە

دەنا کەی من لاپەڕە بە لاپەڕە لە هەناسەتدا
لە ڕۆژهەڵاتی نیگات دا
کتێبێك لە خۆڕیە...

١٣٨٤/٣/١٠
بۆکان

# دۆزەخ

شێعرێك بە لەشتەوە كە هەرگیز
شێعرێك كە بە حەیای بەهێوە
نەرم و تەڕ
شێعرێك لە چاوت دا نەك مستێ ئایەت
وە هێلانەیەك لە سینگت دا.
كە من بجریوێنم ڕەنگە

لە نەرم دا
لە ڕەش دا...
وەهات دەنووسمەوە كە هەرگیز
وەك شێعرێكی بە حەیا نەتوانی
حاشا لە مانام
حاشا لە دێڕم...
تۆش هەر لە دێڕی هەرگیز دا
شەرم و ئایەت دەنووسییەوە

وەك ڕەسووڵێك
لە شنەی مێوینەی دۆزەخ.

# گومڕاتر

من لە چاوت دا هەر ئا... هـ و
لە فەرامۆشی لەشت دا گومڕاه

بانگم ناکا کچێنی کەسێك کە دڵنیایی باران
چون بەرامەی رووتی لە پەنام دا مەست و شاعیر...

ئاه... مەست و شاعیر رەشایی چاوت
فەرامۆشیم
لە ڕۆژئەژمێری هەتاودا ون دەکا و
وشە وشە خومارم
دێڕ بە دێڕ
دەستم بە سینگت ئەگەر نەسپێری
گومڕاتر...

# هاوکات

دڵۆپ... دڵۆپ
خواردنەوەت چەتوون
... نەکا رازێك لە مەڵاشووی بێدەنگی دا...

دڵۆپ دڵۆپ مەگەر تۆ چۆڕانەوەی تاپۆیەك... ناوت
کە لە دەشتێك گەرم و سەوز
فێنکاییت بە بیابان...

دەشتێك لە چاوم دایە هەر شین و تراویلکە
ئەگەر کانییەك بی
بە پاکترین ئاوتەوە...
من بیابانێك لە رازم
بەڵام
چۆڕانەوەت ئاشکرای هەرگیز
من چێژی تراویلکەیەك لە وشە و
رەنگە شێعرێکت بە فێنکایی چاوم دا
هاوکات...

# پەردەیەک ئاوەدان

هەموو پەردەکان بە شنەیەکم سەوزتر
کە بەهارێك لە خوێنتدا... پاك و زوڵاڵ...

وە دارستان
نەك بە تۆوە
کە لە تۆوە
وەك پەنجەرە...

لە تۆوە سەوز... شنەیەك بە زوڵاڵدا و
بەسەرهاتێك لە کرانەوەی بە رووی هەنگاوی دەریاوە...

بە رووم دا ئاخۆ نەلەرایەوە... کە من هەتاو
وە پەنجەرەکان عاشقانەتر
لە رنووە بەفرێکی وەریو
لە دەریایەکی شڵەژاو...
ون بووم لە شنەیەکی گەرمت دا
شڵەژاوم لە تاریکترین چرکەت دا
پەردەکانت بە شنەیەکم ئاوەدان
شەوەکانم بە لەرەیەکت رووناکتر...
لە شڵەژاو

# گورگ «٢»

بە لوورەیەکەوە لەو دێڕەدا عاشق
بە بزەیەك پەریلە ئاسا
لە ترسان شاعیرانە ئاوس و گریاو
- **ژنێك** -
بە شنەیەك لەو وشانەدا ئارام
بە دۆزەخێك شەیتانانە
لە شەرمان بلێسە
- **پیاوێك** -
ئەشکەوتێك لە تەنیایی ژنانە و گەرما
بە لوورەیەك لە خۆت دا
دەڕووخێم
ئەگەر سەخڵەتی لە شەرم و
ئیبلیسێك بە داوێنی سەداقەتەوە
- **عاشق** -
ئەی ژن
لە ترسان ڕووخاوم بە دۆزەخی هەناسەت دا
وەك لوورەیەك
لە شەرمی پەریلەیەك
- **شاعیر** - دا.

# کورت و کۆتا

ژیانت وەها لە کورتی دەدزمەوە
کە گەرمایەك لە چاوانی نەشتەردا.
نە پێستت مەست و
نە دەستت
لە چاوم ڕا تابووتێك...
ژیان لە نەشتەرێك دەدزمەوە مەست
نەك لە کالانی خەفەتدا
کە لە چاوی تابووتەوە
کورت و
کۆتام.
کۆتایی هات تابووتێك لە کالانی ژینەوە
وە دەستت بەردەوامە لە مەستی چاوم
کە کورت و کۆتا
لە پێستت دا
دەبارێ

١٣٨٤/٥/١
بۆکان

# نهێنـی

خەفەتم ئـامـاژەیەکە
تـەنیـاییم ئیشـارەتێك
توانەوەم نیشـانـەیەك

ئەگەر لـە شێعرم دا بۆ تـەنیا تررووسکەیە هـەڵوەدای
ئەگەر بـە شوێن بـاڵغ بوونـی تـەنیا شـەوێکتـەوە
درێژ لـە ڕووبـار

سـەرت نـاوە بـە سـاراتـی شـانـمـەوە...

تینوێتیم هێمـایەکە
گریـانم دیـاردەیەك
مـەرگم کۆتـەڵێك

ئەگەر لـە دڵم دا بۆ تـەنیا گڕکـانێك عەودالـی
ئەگەر بـە دوای موچڕکـی دوو کـانـی ـ ت
بێ شـەرمتر لـە هـەتـاو

نە پەردەیەکت بە پەرژینەوە
نە دڵۆپەیەك لە نهێنی...

مەرگی تەنیام بە شیعرێك دا باڵغە
کە خەفەتم لە گریان و
توانەوەم لە تینوێتی لەشتدا
درێژتر لە سارات
لە مندا بەربڵاو...

١٣٨٣/٥/١
بۆکان

# تەقڵەیەک بە تارێک

خوێنت بە منەوە ڕووناکتر لە باڵ
دەپێوێ حەسارێك بە هەناسەوە
تا تەقڵەی گوڵێك
لە کات ـ دا...

خوێنم بە باڵێکی قسرەوە تاریکتر
شەوێك دەگێڕێتەوە بە زەمانەوە
لە خۆف ـ دا...

لە خۆفێکی قسر دا خوێنم دەڕێژم
بە تەقڵەی باڵێکەوە ڕوون
کە لە زەمانم دا
گوڵێك ئاوس و
شەوێك ڕەها
لە زمانم دا
دەگێڕمەوە باڵێك
نەك قسر
کە تەقڵەیەك بە سنووری باغچەدا
ئاوسی شکۆفە...

١٣٨٤/٥/١ – بۆکان

# دەروێنگی

لانـی کەم شکت لێدەکەم
لانـی کەم لێوەکانت لە دڵم دا هەر زیندوو
لانـی کەم بۆ جارێك
ئەگەر تینوێتـی کەویرێك
ئەگەر بەرینـی دارستـان
نەك لە خەونا
کە لە خوێنتدا ڕەسم کەی...

نەك لە خەونا
کە لەبەر ڕێژنەی بارینما
بە خووساوی شەوێکەوە مەمکەکانت
تـاریك و لێڵـی پەنجەیەك...
لانـی کەم ئەگەر ئاسمانم
شك دەکەم لە پاراویت و
بەردەوام
خولیای بارانم...

١٣٨٤/٥/١
بۆکان

# هەمیشەی بڵێسە

نەورۆز لە دەمارم دا جەنگەڵ ئاسا و
زەمان بە یاوی تێپەڕینەوە ـ دەنا.
چونکە باران ناسنامەی نە بە سەوز
نە بە هەمیشەیی سەخاوەت
چونکە منم بە یاوی جەنگەڵەوە، چڕ
بە داری ترسەوە هەڵزناو...

ئەگینا دەبارێ لەو دەمارانەدا هەمیشەی بڵێسە
لەو ساکە دەشتەدا کە پەنجەم
بەردەوامی دارستان
کە واتە ناسنامەی جەنگەڵی سەخاوەت
کە نە بە یاوی ترسەوە ڕامژێنێ
نە بە هەمیشەی بارانەوە
قاقڕتر...
بڵێسەیەك بە تەوێڵی بەردەوامی مانەوە ـ جەنگەڵە و
هیچ پەنجەیەك داگیرساو
بە مەمکی هەمیشەوە
تا

تێپەڕی هەمیسان سەخڵەتی یەك لە سەوز و
من عاشقانە چڕ دەبمەوە
لە باوەشی کیژێك دا
کە ڕامژێنیٚ بە دارستانی ترسەوە
من شێتانە شەپۆلی سەوزی
کچێك
سوورترین ئاوری زەمانم.

١٣٨٤/٥/١
بۆکان

# هەڵاتوو نەک هەتاو

جەنگاوەری نەبەزەبر و خوێن - **لەچاوم دا باڵدار**
شەڕکەری نە لەسەنگەر دا ماندووو - **بەکام خەونەوە بازرە**
چەکداری نە بە سینگی کاتەوە - **ڕێژنەیەك...**

بە ڕێگایەك دا کە پڕ بێ
لە هێمای پرسیار و سەرسوڕمان.

مەیدانێك رازاوە بە هێمای مەرگەوە
ئەگەر ئەوین بە دایرەیەك دا لە سووڕانەوەی سووردا
ئەگەر کورك کەوتبێ
گوللە
لەسەر دڵی گەرمی چرکەدا - بە ئاسمانەوە...
باڵدارێك لە سەنگەری هێماوە ماندوو
لە سیمای ڕێگدا
کە هەر درێژ
هەر تینوو

باڵدارێك کورك لەسەر سینگی خوێن

که جەنگاوەری ئەوین نا
بە رازی مەرگ
کە خەونێك پڕاوپڕ لە دیاردەی سەر سوڕمان...
ڕێژنەی چرکە لە باڵی سەنگەر دا - بازرە و
هەر تینوو
هەر شەڕکەری ماندوو

هەڵاتوو لە کەلی ماندووی خوێن
نەك هەتاو
١٣٨٤/٤/١
بۆکان

# خەرمانە

سینگت دادەڕووشێ بە نزای شەو
بەزاری بێ بەری
لە هیچ پیتێکی بە مانا و

بە مەودا...

سینگت دادەپۆشی بە سزای دارستان
بە شەپۆلی بزەی هەموو دێڕە تەڕەکان...
دێڕی شەپۆلێك لەسەر سینگت

بزەی دارستان و
سزای شاعیر...

بە مەودای مانایەکەوە دەتلێمەوە
کە هەموو پیتێکی هەر داپۆشراو
نەك ڕووت و ڕووناك
وەك سینگت
کە هەموو شەوێکی بێ بەری...
نەك خەرمانەیەك بە دەوری هەستیت دا و

دەربەدەر هەڵاتوو
لە نزای ئەوپەڕی ئاسۆیەك.
وەك مانگێك بە ئاسۆی سینگتدا
خەرمانە دەدەم و
تا نزای پیتێکی دەربەدەر
حاشامە لە مەودای... ئاوا بووان
١٣٨٤/٥/١
بۆکان

## ون

وه هات له خۆمدا هه‌ڵده‌كه‌م
گه‌شترین شه‌وم شه‌ڵاڵی مانگ
ڕه‌شترین خوێنم
به گیانی پیرۆزی با دا ـ ره‌وان و شه‌كاوه...

شه‌ڵاڵی پیرۆزی خوێنت
له ره‌شترین با دا
سره‌وتی ده‌دۆڕێ و

ئه‌گه‌ر مانگت له خۆم دا ـ هه‌ڵاتوو
ئه‌گه‌ر مه‌مكت له مندا ـ پیرۆز
وه‌ها ده‌كووژێمه‌وه
كه گه‌شترین ڕۆژ
له مندا

بێ سه‌ر و شوێن
١٣٨٤/٥/١
بۆكان

# لە چاوی مەرگدا

لە بێدەنگیتدا چ مەرگێك ڕاچەنیوە
کە نە شێعر و نە لەرینەوەی دەنگت
نە وشە و نە چۆڕانەوەی ناوت
تەنیا ساتێك
زایەڵەیان لە پێستمەوە تێناپەڕێ...

هاوارت بە لەرینەوەی مەرگمدا دەچۆڕێ و
تێناپەڕێ زایەڵەی شێعرت
تا ناوم...
تا دەنگت ڕانەچەنێ لە پێستما
تەنیا چاوەڕوانی ساتێك
بە سۆراغم دا دەدۆڕێ...
تەنیا دەنگت
بە زایەڵەم دا شاعیرە و
ناوم لە چاوی مەرگ دا دەگۆڕێ...

١٣٨٤/٥/١
بۆکان

# پێرست


سەردێڕی شێعرێکی خوێناوی بە ............ ٥
دایکم لە گورگدا شیعر دەنووسێ ................ ١١
وێرانی لە پرسیاری یەکەمدا .................. ١٦
قامەتی بێ زەمانی مانا ......................... ١٩
بەگوتەی ئەم شێعرە: قاقابن ................ ٢٦
بارانییەکانی هەڵفڕین ........................ ٣٠
هەر ئەسپ و مانیتۆڕ غار ئەدەین ............ ٣٥
بارانێك لە داس ـ دا ................................ ٤١
دوو جەغزی ـ بێ دەرفەت ........................ ٤٣
شێعرێك بە پەراوێزی مێژووەوە ............ ٤٦
ون بوون لە توركدا .................................. ٥٣
لە وێران ................................................ ٥٩
گڕ ـ من بوو .......................................... ٦٣
ئێمە ساحیرانی شەو بووین ................ ٦٦
ڕۆژنامەکان بەجێم دێڵن ئەگینا ............ ٧٠
منم شاعیری ژنانی چاوەڕوان ................ ٧٩
ئەنگوستە چاو ...................................... ٨١
تێکڕای نێوە .......................................... ٨٣
ئەمن و مووسا دروودی خوامان... ............ ٨٥
ڕێگا ...................................................... ٨٨
نا دڵنیا ................................................ ٨٩
جەنگەڵ ................................................ ٩٠
ئەرێ .................................................... ٩١
تینوو .................................................... ٩٢
ئەگەر تەنیایی ...................................... ٩٣
دەریا ...................................................... ٩٤
ڕەنگێك لە هیچ ...................................... ٩٥
شەوێك لە هەزار و چەند شەو ................ ٩٦
بەردەنووسێك لە فڕین ............................ ٩٧
سێ نوختە .............................................. ٩٩
سنوورێك ـ تاریك .................................. ١٠٠
لە دەرفەتی پەنجەرەدا .......................... ١٠١
سەفەر .................................................. ١٠٣
لە چەوسانەوەی پیتێك دام ...................... ١٠٤
تەنانەت .................................................. ١٠٦
گورگ «٢» .............................................. ١٠٨
بەڵکوو .................................................. ١١٠
لانی کەم ................................................ ١١٢
جەغزێك بە دەوری هیچدا ........................ ١١٤
ئەسپ .................................................... ١١٦
گورگ .................................................... ١١٨
باخێك نەك کاڵ ـ مزر .............................. ١٢٠
موعجیزە ................................................ ١٢٢
بۆ دایکم ................................................ ١٢٤
تا .. واتا ................................................ ١٢٥
لەگرەوی گۆڕدا ...................................... ١٢٧
ڕۆژئەژمێری ڕەوەز ................................ ١٢٩
وەرینی دژواریم .................................... ١٣١
گاڵتەیەك نازڵ بوو لە ئاگر .................. ١٣٣
شێتێك لە شێتێك دا ـ هەڵفڕیو ................ ١٣٥
بەڵکو فەرامۆش .................................... ١٣٧
سەرکۆمار بەلاپەڕەیەکی ڕەشەوە .......... ١٣٩
تینوو «٢» .............................................. ١٤١
فڕین ...................................................... ١٤٣

تاریك نەتەنیا ـ بە تەنیا .......................... ١٤٥
رەنگێك ساكار... شێعرێك رژد ................. ١٤٧
لە هیچ منێك دا ........................................ ١٤٨
باڵێك بە لاپەڕەی فڕینەوە .................. ١٤٩
پاشگەز ـ نا ـ لە باران .............................. ١٥١
لە مندا هەڵە .............................................. ١٥٣
تاریكتر لە بەرد ........................................ ١٥٤
وڵات ......................................................... ١٥٥
راز ............................................................ ١٥٧
پەراوێزێك بە هەمیشەوە ......................... ١٥٩
مەرگ ـ سووك و سانا ............................ ١٦١
ڕۆژهەڵاتێك لە خۆرنشین ....................... ١٦٣
دۆزەخ .................................................... ١٦٥
گومڕاتر .................................................... ١٦٦
هاوكات .................................................. ١٦٧
پەردەیەك ئاوەدان .................................. ١٦٨
گورگ «٢» ............................................... ١٦٩
كورت و كۆتا ............................................ ١٧١
نهێنی ...................................................... ١٧٢
تەقڵەیەك بە تاریك ................................. ١٧٤
دڕدۆنگی ................................................. ١٧٥
هەمیشەی بڵێسە ..................................... ١٧٦
هەڵاتوو نەك هەتاو ............................... ١٧٨
خەرمانە .................................................. ١٨٠
ون ............................................................ ١٨٢
لە چاوی مەرگدا ....................................... ١٨٣